# کۆمۆنی پاریس

## جاڕنامەیەکی سیاسی لەمەڕ سیاسەت




**ئالان بادیۆ**

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو**

COMMUNE center
ناوەندی کۆمۆن

**ئالان بادیۆ**

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو**

بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەو حیزب و گروپ و سەندیکا و فراکسیۆنانەی نوێنەرایەتیی کرێکارانیان دەکرد، بەشێوەیەکی فۆرماڵ بەوەفابوون بۆ کۆمۆنی پاریس. دەستیان بەو وتە پوختەی مارکسەوە گرتبوو کە لە تێکستە ناوازەکەیدا "شەڕی ناوخۆی فەرەنسا" گوزارشتی لێکردوە: **"پاریسی کرێکاریی، بەهۆی کۆمۆنەکەیەوە، هەتاهەتایە وەک پێشەنگی سەربەرزی کۆمەڵگای نوێ شانازی پێوەدەکرێت".**

خەڵک بەردەوام لە بەردەم دیواری فیدراڵیەکاندا ڕادەوەستێنران، لە بەردەم ئەو مۆنومێنتەی کە لە ئایاری ١٨٧١ـدا بیست هەزار کوشتاری تۆمار کرد. با دیسان وتەیەکی مارکس بێنینەوە: **"یادی گیان بەختکردوانی کۆمۆن، شکۆمەندانە لە دڵی گەورەی چینی کرێکاردا دەمێنێتەوە".**

ئایا چینی کرێکار دڵی هەیە؟ ئێمە ئەمڕۆ، کەمتر و خراپتر، ئەو یادەمان لەبیرماوە. لەم ماوەی دواییدا کۆمۆنی پاریس لە پرۆگرامی مێژوودا سڕایەوە، بەر لەوەش لە نێو ئەو پرۆگرامەدا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرابوو. بایەخ بەوانە دەدرێت کە ڕاستەوخۆ سەر بە ڤێرساین، ئەوانەی پێیانوایە کۆمۆنیزم هیچ نییە جگە لە یۆتۆپیایەکی تاوانکار، کرێکارانیش هیچ نین جگە لە داهێنراوێکی مارکسیی کۆنەباو، شۆڕشیش هیچ نییە جگە لە کردەوەیەکی خوێناوی، ئایدیای سیاسیی نا-پەرلەمانییش، پێشێلکارییەکی زۆردارانەیە بۆ سەر پیرۆزییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەک هەمیشە، مەسەلەکە مەسەلەی یادەوەری نییە، مەسەلەی حەقیقەتە. ئەمڕۆ چۆن لە حەقیقەتی سیاسیی کۆمۆن دەڕوانین؟ بەبێ پشتگوێخستنی پاڵپشتە تێکستواڵ و فاکتواڵەکان، کە پەیوەستن بە بونیادنانەوە و ئامرازی فەلسەفی ئەم قۆناغەی مێژوومان، کە قۆناغێکە کورت ناکرێتەوە.

کاتێک دەڵێم "مێژوومان"، مەسەلەکە پەیوەستە بە سیاسەتی رزگاریخوازییەوە، ئەو سیاسەتەی کە ئاڵاکەی ئاڵایەکی سوورە، نەک ئاڵای فەرەنسی کە بکوژانی بەهاری ١٨٧١ بەرزیانکردەوە.

## ژێدەری یەکەم:

## فاکتەکان

دەبێت بە هەندێک نموونەی مێژوویی دەستپێبکەم. شتەکان بە پشت بەستن بە هەندێک کاتیگۆریی نوێ ڕێکدەخەم (بارودۆخ، سەرهەڵدان، پێگە، یەکتایی، ڕووداو، نەبوو...).

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، ناپلیۆنی سێهەم لە فەرەنسا دەسەڵاتی گرتەدەست. وەک نوێنەرێکی دەستبڕیی و زۆرداریی شۆڕشی کۆماریی لە فیبریوەری ١٨٤٨ـدا. ڕەنگە ئەم چەشنە بەرئەنجامە لە ڕووی پراکتیکەوە بەرئەجامێکی مسۆگەر بووبێت، چونکە پاش تێپەڕبوونی تەنها چەند مانگێک بەسەر شۆڕشە چەکدارییەکە و کەوتنی لوی فلیپدا، لە مانگی ژونی ١٨٤٨، وردە بورژواکان پشتیوانی لە کۆمار دەکەن، کاتێک سەربازەکانی کاڤیانگ قەسابخانەیەک بۆ کرێکارە پاریسییەکان دەنێنەوە. لە

ساڵی ١٩١٩ـەش، سۆسیال دیموکراتە وردە بۆرژواکانی ئەڵمانیا لە خۆئامادەکردندا بوون بۆ دەستبردن بۆ گریمانەی نازی، بە ئۆرگانیکردنی قەڵاچۆی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و سپارتاکۆسیەکان.

لە ١٩ـی ژولایی ١٨٧٠، لە کاتێکدا رژێم زۆر لە خۆی ڕازی بوو، لە هەمان کاتدا قوربانی دەستی تەڵەکەبازییەکانی بیسمارک بوو، شەڕی لەگەڵ پروسیادا ڕاگەیاند. لە ٢ـی سیپتەمبەردا، کارەساتی سیدان ڕوودەدات، ئیمپراتۆریش بە دیل دەگیرێت. بەهۆی ئەو مەترسیانەی ڕووی لە دانیشتوانی ناوچەکە کردبوو، کرێکارانی پاریس خۆیان پرچەک کرد و لەشێوەی گاردی نیشتمانیدا خۆیان ڕێکخست. رەوشی ناوخۆیی فەرەنسا بەمشێوە بوو: لە ٤ـی سیپتەمبەردا و لە پاش چەندین خۆپیشاندان و پاش ئەوەی شارەوانی دەستی بەسەردا گیرا، ئیمپراتۆر دەستبەسەر کرا[2]. بەڵام دیسان وەک ماوەی نێوان ١٨٣٠ و ١٨٤٨، گروپێک کۆماریخواز دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت: ژیل فاڤێر، ژیل سیمۆن، ژیل فێری (بەهۆی ئەم سێ ناوەوە هێنری گیومان کۆمارەکەی ناو ناوە کۆماری ژیلەکان)، ئەمیل پیکارد و ئەدۆڵف تیرێز و ئەو کەسانەی تەنیا یەک ئاواتیان هەبوو: وتوێژکردن لەگەڵ بیسمارک لەپێناو کۆنترۆڵکردنی یاخیبوونی سیاسیانەی چینی کرێکار. بۆئەوەی هیمەت و لێهاتوویی پاریسیەکان کۆنترۆڵ بکەن، کۆماریان ڕاگەیاند، بێ ئەوەی ناوەڕۆکی دەستوریانەی دیاریکەن؛ بۆ خڵەتاندنی نیشتمانیەکانیش، ناوی خۆیان نا "حکومەتی بەرگریی

[2] لە شەڕی سیداندا لە سیپتەمبەری ١٨٧٠، ناپلیۆنی سێهەم خۆی تەسلیمی پروسیا کرد، بەمەش کۆتایی بە شەڕی سیدان هات. وەرگێڕی ئینگلیزی

نیشتمانی". لەم هەلومەرجەدا، جەماوەر چۆکی دادا، کە خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەرگریکردن لەو گەمارۆ توندەی پروسییەکان خستبوویانە سەر پاریس.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا و لە هەلومەرجێکی شەرمەزاراویدا، بازاین لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی سوپای فەرەنسا لە میتز خۆی دا بەدەستەوە. هەموو ئەم پیلانگێڕیانەی حکومەت، کە بە وردی لە کتێبە ناوازەکانی هێنری گیوماندا تۆمارکراوە، کە تایبەتن بە شەڕی ۱۸۷۹ و بنەڕەتەکانی کۆمۆن، بووە هۆی بەدەستەوەدانی پاریس و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ۲۸ـی ژنیوەری ۱۸۷۱. هەرزوو زۆرینەی پاریسیەکان زانییان کە ئەو حکومەتە لە ڕاستیدا حکومەتی "هەڵگەڕانەوەی نیشتمانی"ـیە.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی بەرگری بوو، حکومەتی بەرگری بۆرژوازی لەدژی بزوتنەوە میللییەکان. کێشەکەیان لەوەدا بوو چۆن چەک لە کرێکارە پاریسیەکان داماڵن کە لەشێوەی گاردی نیشتمانی خۆیان ڕێکخستبوو. ئەو سیاسیانەی لە دەسەڵاتدا بوون، وابیریاندەکردەوە دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەمەش لانیکەم لەبەر سێ هۆکار. یەکەم: بەپەلە ئەنجومەنێکیان هەڵبژارد کە کاردانەوەی دێهاتی و ناوچەیی بەسەریدا زاڵبوو. ئەنجومەنێکی "بێوێنە" کە لەلایەن ڕاستڕەوی پەڕگیرەوە پێکهێنرا، ئەو ڕاستڕەوە موڵکدارانەی کە تۆڵەسێنی کۆمەڵایەتی بوون. هەڵبژاردن هیچ بەهایەکی نییە، گەر لە دژی شۆڕش بێت: ئەم پرنسیپە لەلایەن دیگول و پۆمپیدۆ و هاوپەیمانە ڕاستڕەوە فەرمیەکانیانەوە لە ژونی ۱۹٦۸ـدا کاری پێدەکرا. پاشتر بلانکی کە سەرەکیترین ڕابەری شۆڕشگێڕیی دانپێدانراو بوو، خرایە زیندانەوە. سەرئەنجام،

مەرجەکانی ئاگربەستەکان ڕێگەی بە پروسیەکان دا پاریس لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆدەن.

لە بەرەبەیانی ١٨ـی مارتدا، هەندێک لە جوداخوازە سەربازییەکان هەوڵدەدەن دەست بەسەر بۆمبهاوێژەکانی بندەستی گاردی نیشتمانیدا بگرن. ئەم هەوڵە بووە هۆی میلیتاریزەبوونی خۆبەخۆی دانیشتوانی پاریس، بە تایبەت ژنان، لە گەڕەکە کرێکارنشینەکاندا. سەربازەکان کشانەوە و حکومەتیش بەرەو ڤێرسای هەڵهات.

لە ١٩ـی مارتدا، باڵی کرێکاریی ئەنجومەنی ناوەندیی گاردی نیشتمانی، کە پێشتر لەلایەن یەکەکانی ئەم گاردەوە هەڵبژێردرابوو، لێدوانێکی سیاسی پێشکەش کرد، کە دەقێکی گرنگ و بنەڕەتییە و دواتر بۆی دەگەڕێمەوە.

لە ٢٦ـی مارتدا دەسەڵاتە پاریسیە تازەکان کۆمۆنەیەکیان هەڵبژارد کە لە ٩٠ ئەندام پێکهاتبوو. لە ٣ـی نیسانیشدا کۆمۆن هەوڵی دا یەکەم هێرشی خۆی ئەنجام بدات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سەربازانەی کە حکومەت بەئاگاداریی پروسیەکان لەدژی پاریس کردبوونی بە سەرباز. ئەم هێرشە شکستیهێنا، ئەو دیلانەش کوژران کە کەوتنە دەستی سەربازەکانەوە، بەتایبەت دوو ئەندامە ناسراوەکەی کۆمۆن: فلۆرانس و دوڤال. لێرەوە وردە وردە دڕندەیی سەرکوتکارییەکان دەردەکەوێت.

لە ٩ـی نیساندا، دۆمبۆرسکی کە باشترین سەرکردەی سەربازیی کۆمۆن و کۆمارخوازێکی پۆڵۆنی بوو، هەندێک سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بە تایبەت لە دەستبەسەرداگرتنی ئاسنێردا.

له ١٦ـی نیساندا، له کەشوهەوایەکی ئارامدا و بەشێوەیەکی ئاسایی، هەڵبژاردنی تەواوکاریی کۆمۆن بەڕێوەچوو. لەنێوان ٩ و ١٤ـی ئایاردا، دۆخی سەربازیی بەشێوەیەکی هەستپێکراو لە باشوری ڕۆژئاوای دەوروبەری شار شێوا، کە بەهۆیەوە قەڵاکانی ئاسی و ڤانڤس کەوتنە دەستی دوژمنەوە.

لەم ماوەدا (لە کۆتایی مارت و ناوەڕاستی ئایاردا) ژیانی دانیشتوانی پاریس بە ئاشتی و داهێنانەوە بەردەوام بوو. چونکە سەرجەم ڕێکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کار و پەروەردە و ژنان و هونەر، مشتومڕی لەبارەوە کرا و یەکلاییکرانەوە. لەبارەی ئەولویەتدانی دانیشتوانی پاریس بەم مەسەلانە، لێرەدا نموونەیەک دێنمەوە: لە ١٨ـی ئایاردا (لەکاتێکدا سوپای حکومەت لە ٢٠ـی ئایاردا بەچڕی هاتە نێو پاریسەوە) دەنگ لەسەر ژمارەی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی درا.

پاریس لەو ماوەیەدا ئارام بوو، لە هەمان کاتدا تەواو بەسیاسی کرابوو. ڕەنگە ژمارەی ئەو نموونەی فۆرماڵانە دەگمەن بن تا لێرەدا بەنموونە بیانهێنینەوە: چونکە رۆشنبیرە ناخەباتگێڕەکان بەگشتی پشتیوانییان لە ڤێرسای دەکرد. زۆربەیان (فلۆبێر، گۆنکور، دیماس، لوکۆنت دولیسل، جۆرج ساند...) ئامانجی گڵاویان هەبوو. لە کاتێکدا دوو رۆشنبیرە دڵخوازەکە (ڕامبۆ و ڤێرلان) لایەنگری و پشتیوانی خۆیان بۆ کۆمۆن دووپاتکردەوە، هیگۆش، بەبێ ئەوەی لە هیچ تێبگات، جوامێرانە و خۆڕسکانە لەدژی داپڵۆساندن دەوەستێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە ڕووداوگەلێکی سەرنجڕاکێش بوون، یەک لەوانە مەسەلەی ساغبوونەوەی ڤێللی دولسیل-ئادەم بوو، کە دواتر خۆی بۆ بەرەیەک ساغکردەوە.

بەهەرحاڵ ئەم ڕووداوانە بەرچاوڕوونییەکی باشن بۆ بینینی پەیوەندی نێوان ئاشتی و چالاکیی سیاسی کە کۆمۆن لە شەقامەکانی پاریسدا دایمەزراند:

**"دەچینە ژوورەوە، دێینە دەرەوە، دەسوڕێینەوە، کۆدەبینەوە. پێکەنینی منداڵێکی پاریس مشتومڕێکی سیاسی دەپچڕێت. خەڵک بەتێکڕا قسە دەربارەی شتە مەترسیدارەکان دەکەن، بۆ یەکەمجار بینیمان کرێکاران لەبارەی کۆمەڵێک کێشەوە بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن کە پێشتر تەنها فەیلەسوفەکان قسەیان لەبارەوە دەکرد. هیچ پاسەوانێک نابینرێت، پۆلیسێک نییە ڕێ بە ڕێبواران بگرێت، چونکە ئاسایش تەواو بەرقەرارە.**

**پێشتر، کاتێک هەمان خەڵک بە مەستی لە هۆڵەکانی سەماکردن دەهاتنە دەر، بۆرژوازییەکان لێیان دووردەکەوتنەوە و لەژێر لێوەوە دەیانوت: 'ئەگەر ئەمانە ئازاد بن چیمان بەسەر دێت؟ تەنانەت چی بەسەر خۆیاندا دێت؟' ئەوان ئێستا ئازادن و سەماش ناکەن. ئازادن و کار دەکەن. ئازادن و خەبات دەکەن.**

**ئەمڕۆ کاتێ کەسێکی باش بە بەردەمیاندا تێدەپەڕێ، تێدەگەن سەدەیەکی نوێ لە ئاسۆکانەوە دەرکەوتووە، هەر کەسێکیش گومان لەمە بکات، خەوبینێکە و هیچی تر".**

لەنێوان ٢١ و ٢٨ــی ئایاردا، سەربازەکانی ڤێرسای وردە وردە پاریسیان داگیرکرد، دوا شەڕەکان لە مەڵبەندە کرێکارییەکاندا و لە کەرتەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتدا ڕوویاندا: لە کەرتەکانی ١١ و ١٩ و ٢٠ و چەند کەرتێکی تر، تەنانەت لە پاش "هەفتە خوێناویەکە" چەندین کوشتارگەی دیکە نرایەوە. لانیکەم نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس

کوژران، ٥٠٠٠٠ کەسیش دەستگیر کران. کۆماری سێهەم بەمشێوەیە هاتە سەر حوکم، کە هەتا ئەمڕۆش هەندێ کەس بە چاخی زێڕینی "هاوڵاتیبوون"ـی دەزانن.

**ژێدەری دووەم:**

## شرۆڤەی کلاسیکی

مارکس ئەوکات پێیوایە دەرئەنجامی کۆمۆن بەگشتی دەچێتە خانەی کێشەی دەوڵەتەوە. بەلای ئەوەوە کۆمۆن یەکەم حاڵەتی مێژوویيە کە تێیدا پرۆلیتاریا ئەرکی خۆی لە ڕابەرایەتیکردن و ئیدارەدانی تەواوی کۆمەڵگادا جێبەجێ دەکات. کۆمۆن چەندین دەستپێشخەری و چەندین بنبەست هاتۆتە ڕێی، بۆیە مارکس دەڵێت نابێ ماشێنی دەوڵەت "ببرێت" یان "داگیربکرێت"، بگرە دەبێت خاپوور بکرێت.

با بە خێرایی بڵێین، کێشەی سەرەکی ئەم شرۆڤەیە لەوەدایە پێیوایە مەسەلەی دەسەڵات لەنێوان مارت و ئایاری ١٨٧١ـدا مەسەلەیەکی گەرمی ئەو ڕۆژگارە بووە. لەم ڕوانگەوە "ڕەخنە" توندەکان بوونە یەکتربڕی هاوبەش: ئەوەی لە کۆمۆندا ون بوو توانای بڕیاردان بوو، چونکە ئەگەر کۆمۆن یەکسەر ڤێرسایی خاپوور بکردایە، ئەگەر دەستی بەسەر ئاڵتونەکانی بانکی فەرەنسادا بگرتایە... ئەوا ئێستا وشەی ئەگەرمان بەکار نەدەهێنا و وشەی ئەگەر لێرەدا هیچ مانایەکی نەدەبوو. لە ڕاستیدا، کۆمۆن ئامراز و کەرەستەی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو ئەم کارە بکات، تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە.

له ڕاستیدا دەرئەنجامگیرییەکەی مارکس دەرئەنجامگیرییەکی تەمومژاوییە. چونکە لەلایەک، هەرچی لەگەڵ نەمانی دەوڵەتدا گونجاو بێت ستایشی دەکات، بە تایبەت دەوڵەت-نەتەوە. لەمبارەوە، مارکس هەبوونی سوپایەکی شارەزا ڕەتدەکاتەوە و پێشنیازی ڕاستەوخۆ چەکدارکردنی گەل دەکات، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەبێت هەموو کارمەندەکان هەڵبژێردرێن، هەرکات پێویستیشی کرد دووربخرێنەوە، پاشان جەخت لەسەر کۆتاییهێنان بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکاتەوە و پێشنیازی دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆ دەکات کە لە یەک کاتدا دەسەڵاتێکی ڕاوێژکاری و جێبەجێکارییش بێت، دەسەڵاتێکی ئەنتەرناسیۆناڵ بێت (بۆنموونە ئەو نوێنەرەی کاروباری دارایی کۆمۆنی خرابووە ئەستۆ ئەڵمانی بوو، سەرکردە سەربازیەکانیش پۆڵۆنی بوون، هتد). بەڵام لەلایەکی دیکەوە، دڵگرانە بەرامبەر بەو لاوازیانەی دەوڵەت بەدەستیانەوە دەناڵێنێت: لاوازیی مەرکەزیەتی سەربازی، ئاستەم دیارکردنی ئەولەویەتە داراییەکان، دەستەوسانی و بێتوانایی لە مەسەلە نیشتمانیەکان و مەسەلەی شارەکانی دیکەدا، لە مەسەلەی قسەوباسەکانی شەڕی پروسیا، لە مەسەلەی بەشداریکردنی گوندنشینەکاندا.

سەیر لەوەدایە، پاش تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ، لەو پێشەکییەدا کە ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٩١ بۆ چاپی دووەمی ئەو دەقەی مارکسی نووسیوە، ئەویش هەر بەم ئاقارەدا دەنووسێت و گلەیی لە لێکدژەکانی کۆمۆن دەکات. ئاشکرای دەکات کە دوو هێزە سیاسییە باڵادەستەکەی نێو بزوتنەوەی ١٨٧١، پرۆدۆنیەکان و بلانکیەکان، بەپێچەوانەی ئایدۆلۆژیاکانیانەوە کاریان کردوە. چونکە بلانکیەکان بە ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ سەنتراڵیزم و پیلانگێڕیی سەربازیدا بوون، کە بەهۆیەوە ژمارەیەک کەسی

نەبەرد دەتوانن دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و بە توندی پیادەی بکەن، لەپێناو خزمەتکردنی چینی کرێکاردا. بۆ ئەمە دەبوو فیدراسیۆنێکی ئازاد بۆ سەرجەم کۆمۆنەکان پێکبێنن و بیروکراسی دەوڵەت لەناو بەرن. لەکاتێکدا پرۆدۆنیەکان دژ بە هەر خاوەندارێتییەکی بەکۆمەڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوون، پشتیوانیشیان لە بەڵێندەرایەتی بچوک و "خۆبژێو" دەکرد. دەبوو کۆمەڵەی کرێکاریی گەورە پێکبێنن، بۆئەوەی ئەم کۆمەڵانە ڕاستەوخۆ پیشەسازییە گەورەکان بەڕێوەبەن. ئەنگڵس لە دەرئەنجامدا دەڵێت، لاوازی کۆمۆن لەوەدابوو فۆرمە ئایدۆلۆژییەکانی بڕیارەکانی دەوڵەت ناچونیەک و ناتەبا بوون، لە ئاکامی ئەم لێکدژیەشدا، بلانکیزم و پرۆدۆنیزم کۆتاییان دێت و گۆڕەپانەکە چۆڵ دەبێت بۆ "مارکسیزم".

بەڵام ئایا تا چەند ئەو ڕێبازەی کە مارکس و ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٧١ و ساڵانی دواتریش پەیڕەوییان لێکرد، لەگەڵ دۆخی ئێستادا دەگونجێت؟ ئەم ڕێبازە بە چ ئامرازێکی تر دەیتوانی پۆزەتیڤانە کار لە کۆمۆن بکات؟ لە ڕاستیدا، پاش نزیکە سەدەیەک، تەمومژ لەسەر دەرئەنجامگیرییەکەی مارکس لادەدرێت، یەکەمجار لەسەر دەستی ڕێکخستنی سۆسیال-دیموکرات، پاشتریش لەسەر دەستی باڵە ڕادیکاڵە لینینیەکەی، واتە لەسەر دەستی بزوێنەری سەرەکی حیزب.

لە ڕاستیدا، حیزبی "سوسیال-دیموکرات" و حیزبی "چینی کرێکار" و حیزبی "پرۆلیتار" و تەنانەت دواتریش حیزبی "کۆمۆنیست"، دەرهەق بە پرسی دەوڵەت و پیادەکردنی دەسەڵات ئازادبوون.

ئەم ڕێبازەی ئەوان ئۆرگانێکی سیاسیی پوخت و بێخەوشە، لە پشتیوانییەکی سوبێکتیڤ و دابڕانێکی ئایدۆلۆژی پێکدێت، لە دەرەوەی دەوڵەتدا. ئەو لەمەڕ هەژموون ئازادە، کەڵکەڵەی شۆڕش و لەناوبردنی دەوڵەتی بۆرژوازی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، حیزب هێزێکی مەرکەزی و بەدیسپلین بوو، مەیلی بەلای گرتنەدەستی دەسەڵاتدا هەبوو. بەرپرسیارێتی دەوڵەتی نوێی گرتە ئەستۆ، دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. کەواتە دەتوانین بڵێین حیزب دەیزانی تەمومژی دەرئەنجامەکانی کۆمۆن ئایدیاکانی ئەو بەرجەستە دەکەن. حیزب بوو بە فەزایەکی سیاسی بۆ بارگرژیی بنچینەیی نێوان کاراکتەری نادەوڵەتی و دژە دەوڵەتی سیاسەتی رزگاریخوازی و کاراکتەری دەوڵەتی لەپێناو سەرخستن و بەردەوامیدان بە سیاسەتی رزگاریخوازی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم "سەرکەوتنە" چ بە یاخیبوون بێت چ بە هەڵبژاردن: نەخشە مێنتاڵیەکە هەر هەمان نەخشەیە.

بۆیە حیزب (لە ستالین بەولاوە) فیگەری حیزب-دەوڵەت دروستدەکات. حیزب-دەوڵەت پێویستی بە توانایەکی بەردەوام هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کۆمۆن بە هەڵپەسێردراوی هێشتنیەوە: سەنتراڵیزەکردنی هێزە پۆلیسی و سەربازییەکان، خاپوورکردنی سەرتاپای ئابووریی بۆرژوازی، کۆکردنەوە و ملکەچکردنی گوندنشینەکان بۆ هەژموونی کرێکاریی، خولقاندنی هێزێکی ئینتەرناسیۆناڵ، هتد.

لە خۆڕا نییە، وەک دەڵێن، لینین ئەو ڕۆژەی دەسەڵاتی بەلشەڤی حەفتا و دوو ڕۆژ تێدەپەڕێنێت، بەسەر بەفرەوە سەما دەکات، چونکە ئەو حەفتا و دوو ڕۆژەی تەمەنی

کۆمۆنی پاریسی تێپەڕاندووە. ماوەتەوە بپرسین: ئایا حیزب-دەوڵەت، بە دەستەبەرکردنی ئەو کێشە دەوڵەتیانەی کۆمۆن بۆی چارەسەر نەکرا، بەشێک لەو کێشە سیاسیانەی چارەسەر نەکرد کە کۆمۆن کەشفی کردن؟

بەهەرحاڵ، سەرسامییەکە لەوەدایە، کۆمۆن لە دوو ڕەهەندی سەرەکیدا لە دەوڵەت-حیزبدا کورتدەبێتەوە: یەکەم، حەتمیەتی کۆمەڵایەتی و کرێکاریی، دووەم، پیادەکردنی پاڵەوانانە و خەوشدارانەی دەسەڵات.

بەمشێوە کۆمۆن لە ناوەڕۆکی سیاسیی بێخەوش بەتاڵکرایەوە. بێگومان شانازی پێوەدەکرێت، بەرز ڕادەگیرێت، دەخوازرێت: بەڵام تەنها وەک خاڵێکی بێخەوشی ڕەنگدانەوەی ناپەیوەندی سروشتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا. بەڵام ئەگەر کۆمۆن لەمانە پێکهاتبێت، ئەوا لە ڕووی سیاسییەوە لەکارکەوتووە. دەبێتە ئەو شتەی کە سیلڤان لازوراس ناوی دەنێت مۆدێلی سیاسیی ستالینی، ئەو مۆدێلەی کە تێیدا حیزب تاکە فەزایەکە بۆ سیاسەت.

بۆیە یادکردنەوەی، خۆی لەخۆیدا ڕێگرە لە بەردەم نوێکردنەوەی چالاکیەکانیدا.

لەمبارەوە چیرۆکێکی گرنگ هەیە دەربارەی برێخت. لەپاش جەنگ، برێخت بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیای "سۆشیالیستی" کە لەوێ سەربازە سۆڤێتییەکان یاسایان دادەڕشت. بۆ ئەوەی لە دوورەوە هەواڵ بزانێت، سەرەتا لە ساڵی **١٩٤٨** لە سویسرا لادەدات، هەر لەوێش بە هاوکاری ڕۆس بێرلوی هاوڕێی شانۆگەرییەکی مێژوویی دەنووسێت بە ناونیشانی "ڕۆژگاری کۆمۆن"، کە بەرهەمێکی دیکۆمێنتارییە و

تێیدا فیگەرە مێژووییەکان تێکەڵ بە پاڵەوانە شەعبییەکان کراوە. هێندەی بەرهەمێکی کۆمیدییە، هێندە تراژیدی نییە. بەلای منەوە شانۆگەرییەکی باشە، گەرچی بەدەگمەن نمایش کراوە. کاتێکیش دەگاتە ئەڵمانیا، برێخت داوا لە دەسەڵات دەکات شانۆگەری ڕۆژگاری کۆمۆن نمایش بکرێت. بەڵام دەسەڵات لەساڵی **١٩٤٩**ـدا داواکاییەکەی برێخت ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت هەلومەج لەبار نییە! ئەودەم سۆشیاڵیزم لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەسەروبەندی خۆگرتن و ڕیشەداکوتاندا بوو، بواری ئەوە نەبوو تەرکیز بخرێتەسەر قۆناغێکی قورس و بەسەرچووی هوشیاری پرۆلیتاری، کە بریتییە لە قۆناغی کۆمۆن.

بەهەرحاڵ، هەڵبژاردەکەی برێخت لە شوێن و کاتی شیاوی خۆیدا نەبوو، نەیدەزانی کە ستالین -بە ئامانجی پیرۆزکردنی حیزب- لینینیزمی واپێناسە کردوە: **"مارکسیزمی سەردەمی شۆڕشە سەرکەوتووەکانە"**. ئەو بایەخی بە شۆڕشە شکستخواردوەکان نەدەدا.

کەوابێ برێخت چۆن کۆمۆن شرۆڤە دەکات؟ بۆئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، با دوو کۆپلەی شیعریی کۆتایی ئەو قەسیدەیە بخوێنینەوە کە لە شانۆگەریەکەدا هاتووە، لەژێر ناونیشانی "کۆڵنەدەریی کۆمۆنییەکان":

**دەزانین ئێوە هەرگیز ناتوانن**

**کرێی شیاومان بۆ مسۆگەر بکەن**

**کۆڵنەدەرانە کارگەکان لە دەستی ئێوە وەردەگرین**

دەزانین شکستی ئێوە قازانجی ئێمەیە

دەزانین کە ناتوانین پشت بەو هەموو پەیمانە ببەستین
کە حاکمەکانمان پێمانی دەدەن
ئێمە لەپێناو ژیانێکی باشدا تێدەکۆشین
ژیانێک بە ئازادی دەستپێبکات
دەبێت لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی خۆماندا ئایندەیەکی گەش بونیادنێین

دەزانین کە ناڵەی بۆمبهاوێژەکان
تاکە قسە و گوفتاری ئێوەیە
بۆتان دەسەلمێنین کە پەندمان وەرگرتووە
لە ئایندەدا ڕووی چەکەکان دەکەینە خۆتان[3]

---

[3] Bertolt Brecht, The Days of the Commune, trans. By Clive Barker and Amo Reinfrank, Eyre Methuen, 1978.

بە ڕوونی دیارە کە ئەو چوارچێوە گشتییەی دەمێنێتەوە، چوارچێوەی شرۆڤەی کلاسیکییە. کۆمۆن ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان سۆسیال و دەسەڵاتدایە، لەنێوان ڕازیکردنی ماتریاڵی و بۆمبهاوێژەکاندایە.

**ژێدەر سێهەم:**

## خستنەوەگەڕی چینیانە

لە سەروبەندی شۆڕشی کولتوریدا، بەتایبەت لەنێوان **١٩٦٦** و **١٩٧٢**، کۆمۆنی پاریس خرایەوەگەڕ، زۆرینەی کات ئاماژەی پێدەکرا و وەک نموونە دەهێنرایەوە، وەکو وابێت ماویستە چینییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هیرارکیەتی چەقبەستووی حیزب-دەوڵەت، ویستبێتیان جیاواز لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری لینینیزم، پەنا بۆ ژێدەری نوێ ببەن. لە بڕیارنامەکەی گەلاوێژی **١٩٦٦**ـدا، کە لە شانزە خاڵ پێکهاتووە و ئەگەری زۆرە ماو خۆی نووسیبێتیەوە، ڕاسپاردەیەک هەیە کە سروشی لە کۆمۆنی پاریسەوە وەرگرتووە، دەربارەی هەڵبژاردن و لابردنی سەرکردەی ئەو ڕێکخستنە تازانەیە کە دەرهاوێشتەی بزوتنەوەی جەماوەریین. لە ژنیوەری **١٩٦٧**، پاش ئەوەی لەلایەن کرێکار و خوێندکارە شۆڕشگێڕەکانەوە شارەوانی شەنگەهای لەکاردەخرێت، ئۆرگانی دەسەڵاتی نوێی شەنگەهای ناودەنرێت "کۆمۆنی شەنگەهای". ئاشکرایە کە بەشێک لە ماویستەکان هەوڵیان دەدا لە مەسەلەی دەسەڵات و دەوڵەتدا پشت بە مۆدێلێکی تر ببەستن، جیاواز لەو مۆدێلەی کە فۆرمی ستالینیانەی حیزب بەیاسا ڕێکیخستبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەمانە هەوڵی تێپەڕن و بەر لە هەر شتێک گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن، هەر کە ئەندامانی نوێی ئەنجومەنەکان شار و گوندەکان "دەسەڵات دەگرنە دەست"، دەستبەرداری ناوی "کۆمۆن" دەبن و دەیگۆڕن بە ناوێکی زۆر تەمومژاوی "ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی". یادکردنەوەی یادی سەد ساڵەی کۆمۆنی پاریس لە چین لە ساڵی **١٩٧١**ـدا، شایەتی لەسەر ئەوە دەدات. مەسەلەکە لەوە گەورەترە تەنها مەسەلەی یادکردنەوە بێت، چەند ڕەگەزێک بەردەستبوون کە ئیمکانی ئەوەیان دەکرد کۆمۆن بەگەڕبخرێتەوە، ئەمەش لە فراوانیی خۆپیشاندانەکاندا دەبینرا. چونکە ملیونان کەس لە چین خۆپیشاندانیان کرد. بەڵام شتێک ئەم کەوانە شۆڕشگێڕییە کراوەیەی داخست، ئەمەش لەو تێکستە فەرمییەدا کە بەو بۆنەوە بڵاوکرایەوە بەرچاومان کەوت، کە هەندێکمان ئەوکات خوێندمانەوە، هەندێکیشمان کە کەمینەن، هەڵمانگرتووە و دەتوانین دووبارە بیخوێنینەوە (کە ڕەنگە ئەمە بۆ ئێستای هەندێک لە چینیەکان شتێکی قورس بێت...). تێکستەکە لەژێر ئەم ناونیشانەدایە: **بژی سەرکەوتنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا! لەیادی سەد ساڵەی کۆمۆنی پاریسدا**[4].

ئەم تێکستە تێکستێکی تەواو دژیەکە.

شتێکی سەرنجڕاکێش لەم تێکستەدا ئەوەیە، وتەیەکی مارکس بەنموونە هێنراوەتەوە، کە لە سەروبەندی کۆمۆندا نووسیویەتی دەڵێت: **"ئەگەر کۆمۆن تێکبشکێت، تەنها**

[4] ) Long Live the Victory of the Dictatorship of the Proletariat! In Commemoration of the Centenary of the Paris Commune, Foreign Language Press, 1971.

**ململانێکە دوادەکەوێت و هیچی تر. پرنسیپەکانی کۆمۆن بە نەمریی دەمێننەوە و نابەزێن، هەتا چینی کرێکار رزگار نەبێت، بەردەوام پەنایان بۆ دەبرێت".**

هەڵبژاردنی ئەم وتەیە دەیسەلمێنێت کە چینیەکان لە ساڵی **١٩٧١**ـدا، هێشتا کۆمۆن نەک تەنها وەک قۆناغێکی شکۆمەند (بەڵام تێپەڕ)ـی مێژووی یاخیبوونە کرێکارییەکان تەماشا دەکەن، بەڵکو وەک ڕاڤەیەکی مێژوویی پرنسیپگەلێکیش تەماشای دەکەن کە دەبێت بەگەڕبخرێتەوە. لەدوای وتەکەی مارکس وتەیەکی تر هەیە کە ڕەنگە وتەی ماو خۆی بێت، دەڵێت: **"ئەگەر شۆڕشی کولتوری شکست بێنێت، پرنسیپەکانی هەر دەمێنێتەوە"**. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شۆڕشی کولتوری درێژەپێدەری کۆمۆنە، زیاتر لەوەی درێژەپێدەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بێت.

شیاویی کۆمۆنیش بۆخۆی هۆکارێکی بەهێزە کە وادەکات کۆمۆنیستە چینیەکان یادی بکەنەوە و ناکۆک بن لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤێتدا. با لەمبارەوە ئەم دەقە بەنموونە وەربگرین:

**لەکاتێکدا کە پرۆلیتاریا و سەرجەم گەلانی جیهان بەوپەڕی شانازییەوە یادی سەد ساڵەی کۆمۆنی پاریسیان دەکردەوە، هەڵگەڕاوە ڕیڤیزیۆنیستە سۆڤێتیەکان، کە لە پشت ماسکی میراتگرانی کۆمۆنەوە خۆیان حەشارداوە، چوونەتە سەر دوانگەکان و قسەی باقوبریق دەکەن، دەربارەی وەفادارییان بۆ کۆمۆن، بە ڕاستی ئەمە ئەوپەڕی شەرمەزارییە. ئایا هەڵگەڕاوە ڕیڤیزیۆنیستە سۆڤێتیەکان شیاوی ئەوەن قسە لەسەر کۆمۆنی پاریس بکەن؟**

لەچوارچێوەی ئەم لێکدژییە ئایدۆلۆژییەدا، لەنێوان مارکسیزمێکی شۆڕشگێڕیی داهێنەرانە و مارکسیزمێکی دەوڵەتیی کۆنەخوازدا، ئەم دەقەی خوارەوە نیشانی دەدات بەشداریی ماو و شۆڕشی کولتوری لە بەردەوامیدان بە کۆمۆندا، لە چ ئاستێکدا بووە:

**بۆمبەکانی شۆڕشی کولتوریی پرۆلیتاریی مەزن، کە سەرۆک ماو بە دەستی خۆی هاوێشتنی، لانەی بۆرژوازەکانی وێران کرد (کە لیو شاوکیی ناپاک و هەڵگەڕاوە و دوژمنی چینی کرێکار سەرۆکایەتی دەکرد) و خەونی دووبارە بونیادنانەوەی سەرمایەداری لە چیندا لەناوبرد، کە ئیمپریالیزم و ڕیڤیزیۆنیزمی نوێ پشتیوانییان دەکرد.**

**سەرۆک ماو دەرئەنجامێکی سەرتاپاگیری ئەزموونی مێژوویی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای پێشکەش کردین، کە هێندەی ڕەهەندی پۆزەتیڤی هەبوو هێندە ڕەهەندی نێگەتیڤی نەبوو، توانی بەردەوامی بە تیۆری مارکسی-لینینیی شۆڕشی پرۆلیتاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بدات و بەرگری لێبکات و گەشەی پێبدات، هەم لە تیۆر و هەم لە پراکتیکیشدا، درێژەی دا بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ڕێگەی لە سەرهەڵدانەوەی کەپیتالیزم گرت.**

پەیامە سەرەکیەکە لەم ڕستەدایە: **"درێژەی دا بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا"**. بۆیە دەستگرتن بە کۆمۆنی پاریس تێگەیشتنە لەوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نابێت لە شێوەی دەوڵەتدا بێت، پەنابردنیش بۆ میلیتاریزەکردنی خەڵک شتێکی زەرورە، بۆ درێژەدان بە هەنگاونان بەرەو کۆمۆنیزم. بە دەربڕینێکی تر: لەناو ئەزموونی

شۆڕشگێڕیی بەردەوامدا، کە بەشێکی بریتییە لە بڕیارێکی سەرپێی و پێشبینی نەکراو، دەبێت فۆرمەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاری داهێنین، وەکچۆن پاریسیەکان بۆ یەکمجار لە مێژووی کرێکاراندا لە ١٨ـی مارتی ١٨٧١ فۆرمێکیان تاقیکردەوە. جگەلەوەش، هەرزوو جاڕی ئەوەیان دا کە شۆڕشی کولتوری "فۆرمێکی شیاوی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارایە".

لەگەڵ ئەوەشدا، لێکجودایی سیاسەت و دەوڵەت لە دیدگای گشتیدا بەجێگیری دەمێنێتەوە، بەجۆرێک هەوڵی بەگەڕخستنەوەی شۆڕشگێڕیانەی کۆمۆنی پاریس هەر لە چوارچێوەی دەرئەنجامی پێشوودا دەمێنێتەوە، هەر لەژێر سایە و هەژموونی حیزبدا دەمێنێتەوە. ئەمەش لەم دەقەی خوارەوەدا کە سەبارەت کەموکورتییەکانی کۆمۆنە، بە ئاشکرا دەبینرێت:

**هۆکاری سەرەکی شکستهێنانی کۆمۆن، لە هەلومەرجی مێژوویی ئەو سەردەمەدا خۆی حەشارداوە، چونکە هێشتا مارکسیزم پێگەیەکی گەورەی لەنێو بزوتنەوەی کرێکارییدا نەبووە، هێشتا حیزبێکی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاری بوونی نەبووە، کە مارکسیزم بکاتە ئاراستە بۆ خۆی(...) لەو دۆخە مێژووییەدا کە جەماوەری تێکەوتبوو، دەبوو ناوکێکی بەهێز هەبوایە و پرۆلیتاریای بەڕێوەبردایە، واتە "حیزبێکی شۆڕشگێڕیی کە لەسەر بنەمای تیۆری شۆڕشگێڕیی مارکسی-لینینی دامەزرابێت".**

دوایین پەیڤی ئەم دەقەی سەرەوە کە هی ماوە، گەر ستالینیش بینووسیبا هەر بەمشێوە دەینووسی. چونکە گەرچی تێڕوانینی ماویانە بۆ کۆمۆن تێڕوانینێکی زۆر

چالاک و خەباتگێڕانەیە، بەڵام هەر هێشتا تێڕوانینێکە زیندانی چوارچێوەی حیزب-دەوڵەتە، زیندانی ئەو شتەیە کە من ناوی دەنێم ئەژماری یەکەم.

لە کۆتایی ئەم شرۆڤە کلاسیکیەدا، بە سەرجەم ئاوارتەکانیەوە، دەتوانین بڵێین بینایی سیاسیی کۆمۆنی پاریس لە ئەمڕۆدا، شتێکی نائاشکرایە. ئەمە لانیکەم ئەگەر مەبەستمان لە وشەی "ئەمڕۆ" ئەو ساتە بێت کە تێیدا دەبێت وەڵامی ئەو تەحەدایە بدەینەوە کە بریتییە لە بیرکردنەوە لە سیاسەتێک ملکەچی دەوڵەت نەبێت و لە چوارچێوەی حیزبدا نەبێت.

سەرباری هەموو شتێک، کۆمۆن هەر بەڕاست ساتێکی سیاسی بوو ئامادەی ئەم ملکەچکردنە نەبوو، ئامادە نەبوو بچێتە ئەو چوارچێوەوە.

ئەم شێوازە، گەر بەکۆ تەماشای بکەین، تەفسیری کلاسیکیانەی وەلا ناوە و بە ڕێگایەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ فاکت و بڕیارە سیاسییەکانی کۆمۆندا دەکات.

## پێشەکی: "چەپ" چییە؟

سەرەتا دەبێ بزانین، بەر لە کۆمۆن، چەندین بزوتنەوەی کرێکاریی و میللیی نیمچە چەکدار لە فەرەنسادا هەبوون، لەگەڵ مەسەلەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا لە دیالەکتیکدا بوون. دەتوانین ڕۆژە سامناکەکانی ژونی ١٨٤٨ بەنموونە وەربگرین، کە کەس لەو بڕوایەدا نەبوو مەسەلەی دەسەڵات بخرێتە بەرباس: چونکە کرێکارە گەمارۆدراوەکان، کە بەهۆی داخستنی کارخانە نیشتمانیەکانەوە لە پاریس دەرکران، بەبێ

ئاراستەکردن، بەبێ هیچ دووربینییەک، بەبێدەنگی خەباتیان دەکرد. ئەوان ڕووبەڕووی نائومێدی و شێتگیری و قەڵاچۆکردن بوونەوە. بەڵام لەم نێوانەدا سێ ڕۆژی پڕشکۆ هەیە: کەوتنی چارلسی پێنجەم لە ژولایی ١٨٣٠، کەوتنی لوی فلیپ لە فیبریوەریی ١٨٤٨، کەوتنی ناپلیۆنی سێهەم لە ٤ـی سیپتەمبەری ١٨٧٠. لەماوەی چل ساڵدا، گەنجە کۆماریخوازەکان دوو شانشین و ئیمپراتۆریەتێکیان ڕووخاند. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە مارکس فەرەنسا بە "لانکەی کلاسیکی ململانێی چینایەتی" دەزانێت، هەر لەمبارەشەوە شاکارەکانی "ململانێی چینایەتی لە فەرەنسا" و "هەژدەی برۆمێیری لویس بۆناپارت" و "شەڕی ناوخۆی فەرەنسا" دەنووسێت.

سەبارەت ١٨٣٠ و ١٨٤٨ و ١٨٧٠ دەبێت خاڵێکی هاوبەشی سەرەکی دیاری بکەین کە هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە. بزوتنەوەی سیاسیی جەماوەر لە بنەڕەتدا بزوتنەوەیەکی پرۆلیتارە. کۆدەنگییەک هەیە دەربارەی ئەوەی دەرئەنجامی کۆتایی ئەم بزوتنەوە، گەیشتنی گروپە سیاسییە کۆماریخوازەکان یان ئۆرلیانیستە پاشاییخوازەکانە بە دەسەڵات. کەلێنی نێوان سیاسەت و دەوڵەت لێرەدا ڕووندەبیتەوە: ئیفلیجکردنی بزوتنەوەی سیاسی لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵگەیە لەسەر پەککەوتنی سیاسیانەی دەوڵەت. بەڵام ئەم پەککەوتنە وەک شکستی بزوتنەوەکە ئەزموون کرا نەک وەک باجێکی کەلێنی ستراکتۆریی نێوان دەوڵەت و داهێنانی سیاسی. لە قوڵاییدا، ئەم تێزە لە لایەنی سوبێکتیڤەوە، بوونی یان زەرورەتی بوونی جۆرە بەردەوامییەک لەنێوان بزوتنەوەی سیاسیی جەماوەر و پنتی دەوڵەتدا دەسەلمێنێت. لێرەوە بابەتی "خیانەتکردن" دووبارە دەبێتەوە (ئەو سیاسەتوانانەی لە دەسەڵاتدان، خیانەتیان لە بزوتنەوەی سیاسی کرد. بەڵام ئایا جگە لەوە هیچ نیەت

و وەزیفەیەکی دیکەیان هەبوو؟). ئەم پاڵنەرە بێهیوایەی خیانەت هەموو جارێک بزوتنەوەی سیاسی پاکتاو دەکات.

ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەشێ بڵێین بزوتنەوەی میللی !Ensemble، ئاکام و دەرئەنجامی کۆتایی بزوتنەوەی دیسەمبەری ۱۹۹۵[5]، پاشان بزوتنەوەی بێکارتەکانی سانت برنارد[6]، هەڵبژاردنی جۆسپان بوو، کە هێندەی نەخایاند کۆمەلێک دەنگ لەدژی بەرزبوونەوە -کە لەڕووی ئەزموونییەوە پاساوکراوبوون- تۆمەتی "خیانەت"ـیان خستەپاڵ. گەر لە چوارچێوەیەکی فروانیشدا قسە بکەین، ئەشێ بڵێین بزوتنەوەی ٦٨ و قۆناغی [بووژانەوەی] "چەپ" لە پرۆسەی خولانەوە بەدەوری میتەران و ڕۆژگاری پێش ۱۹۸۱ـدا لەبارچوو. بە گەڕانەوەش بۆ سەردەمێکی دوورتر، دەبینین نوێبوونەوەی رادیکاڵ و ئەو هیوا سیاسییەی بە بزوتنەوەکانی بەرەنگاریی نێوان ساڵانی ۱۹٤۰ تا ۱۹٤٥ بەسترابوو، جێدەستێکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ ئازادی، لە ڕووبەڕووی گەڕانەوەی حیزبە کۆنەکاندا بۆ دەسەڵات، بە پشتیوانی دیگول.

جۆسپان و میتەران و هاوشێوەکانیان، وێنەیەکی دیکەی ژیل فاڤر و ژیل سیمۆن و ژیل فێری و سێیر و پیکاردن. کەچی هێشتا ئەمڕۆ داوامان لێدەکرێت "چەپ بونیاد بنێینەوە". چ گاڵتەجاڕییەکە!

---

[5] 'Tous Ensemble!' شەپۆلی مانگرتنەکانی زستانی ۱۹۹۵ بوو لە فەرەنسا، کە لە میانیدا دوو ملیۆن کرێکار ڕژانە سەر شەقام، دژ بەو پلانە تەندروستیەی حکومەت ڕایگەیاند. وەرگێڕی ئینگلیزی

[6] sans-papiers (کرێکارە بێ دیکۆمێنتەکان) بزوتنەوەی کێڵسای سانت بێرنارد، کە لە ساڵی ۱۹۹۱ لەلایەن سەدان کرێکاری ئەفریقییەوە داگیرکرا، وەک نارەزایەتییەک لەدژی یاسا چەوسێنەرەکانی حکومەت. وەرگێڕی ئینگلیزی.

ڕاسته یادەوەری کۆمۆن شایەتی لەسەر ئەو پرۆسە هەمیشەییە دەدات کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی پەرلەمان لەسەر شێوازی ڕاپەڕینە سیاسییەکانی جەماوەر: دیواری فیدراڵییەکان، کە ڕەمزێکی سامناکی کرێکارە شەهیدەکانە، بەڵام ئایا لەسەر هەمان سایدی شەقامی گەورەی گامبیتا، پەرلەمانتارێکی حەپەساو و دامەزرێنەری کۆماری سێهەم نەوەستاوە؟[7]

بەڵام کۆمۆن خۆی لە خۆیدا لە پێگەیەکی ئاوارتە و نائاساییدایە. کۆمۆن لە ڕۆژگاری خۆی و لە ئێستاشدا، تاکە دابڕانێکی بزوتنەوە سیاسییە کرێکاری و میللییەکانە لە چارەنووسی پەرلەمانی.

لە ١٨ـی مارتی ١٨٧١ـدا، ئەو ئێوارەی گەڕەکەکان بەرەنگارییان دەکرد، کاتێک سەربازەکان بەدەستی بەتاڵ و بەبێ بۆمبهاوێژەکان پاشەکشەیان کرد، دە دەتوانرا داوای گێڕانەوەی نەزم بکرێت و لەگەڵ حکومەتدا دانوستان بکرێت، لەژێر چارشێوی مێژوودا کۆمەڵێک هەلپەرستی نوێ دەربهێنرێت. بەڵام ئەمجارەیان هیچ شتێکی لەو جۆرە ڕوووینەدا.

هەموو شتێک لەو جاڕنامەی کۆمیتەی مەرکەزیی گاردی نیشتیمانیدا چڕبووەوە، کە لە نۆزدەی مارتدا بەشێوەیەکی فراوان دابەشکرا: **"پرۆلیتاریای پاریس، لەبەردەم شکست و خیانەتی چینە فەرمانڕەواکاندا، تێگەشتوە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دۆخەکە رزگار بکات و ڕاپەڕاندنی کاروباری گشتییش بگرێتە ئەستۆ".**

[7] لیۆن میشێڵ گامبیتا (١٨٣٨-١٨٨٢): سیاسەتمەدارێکی فەرەنسییە کە لە ١٨٨١ تا ١٨٨٢ سەرۆک وەزیران بووە. لە حکومەتی بەرگری نیشتیمانیدا وەزیری ناوخۆ بووە، یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی کۆماری سێهەم. وەرگێڕی ئینگلیزی.

ئەمجارەیان، کە جارێکی بێهاوتا و ناوازەیە، خەڵک چارەنووسی خۆی نەدایە دەست سیاسەتوانە شایستە و لێهاتووەکان. ئەمجارەیان، کە جارێکی بێهاوتا و ناوازەیە، خیانەت ئامادەیی هەبوو، بەڵام نەک وەک دەرئەنجامێکی بەدبەختی هەڵبژاردنەکانمان، بەڵکو وەک دۆخێک کە دەبوو لەناوی بەرین. ئەمجارەیان، کە جارێکی بێهاوتا و ناوازەیە، پێشنیاز کرا تەنیا لە ڕێگەی مەرجەعەکانی بزوتنەوەی پرۆلیتارییەوە دۆخەکان چارەسەر بکرێت.

لێرەدا لە بەردەم جاڕدانێکی سیاسیداین. دەبێت بیر لە ناوەڕۆکەکەی بکەینەوە.

بەڵام سەرەتا دەبێت پێناسەیەکی بونیادی و بنچینەیی بخەینەڕوو: با واپێناسەی "چەپەکان" بکەین کۆمەڵێک سیاسەتمەداری پەرلەمانین کە پێیانوایە تەنها ئەوان دەتوانن تەحەمولی دەرئەنجامە گشتییەکانی بزوتنەوەیەکی سیاسیی میللی دەگمەن بکەن. یان گەر بە زمانێکی سەردەمیانە قسە بکەین، ئەشێ بڵێین تەنها ئەوان دەتوانن "دەرچەیەکی سیاسی" بۆ "بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" بدۆزنەوە.

کەواتە دەتوانین جاڕنامەی ١٩ـی مارتی ١٨٧١ بەمشێوەیە پێناسە بکەین: جاڕنامەیەکە دابڕانی خۆی لە چەپ ڕادەگەیەنێت.

بێگومان کۆمۆنییەکان باجێکی قورس و خوێناوییان لەم پێناوەدا دا. چونکە لانیکەم لە ١٨٣٠ـەوە، "چەپ" وەک بزوتنەوەیەکی گەورە، بووە تاکە سەرچاوەی پێکهێنەری نەزمی باڵادەست. لە ئایاری ١٩٦٨ـدا، حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی، وەک پۆمپیدۆ دەیزانی، تاکە لایەن بوو کە دەیتوانی نەزم بۆ ناو کارگەکان بگێڕێتەوە. بۆیە کۆمۆن

لەمبارەوە، تاکە نموونەیەکی دابڕانە لەگەڵ چەپ. دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکی نائاسایی -گەورەتر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر- شۆڕشگێڕە چینیەکان لەنێوان **١٩٥٦** تا **١٩٦٨** و ماویستە فەرەنسییەکان لەنێوان **١٩٦٦** تا **١٩٧٦** ئاشکرا دەکات: قۆناغی دابڕان لە دروشمی "چەپ"، کە پارتە کۆمۆنیستیەکانیش بووبوونە بەشێک لەو بازنەیە، جا چ لە دەسەڵاتدا بووبن یان ئۆپۆزسیۆن (بەڵام لە مانا قووڵەکەیدا، هەموو حیزبێکی کۆمۆنیستی "گەورە" هەمیشە لە دەسەڵاتدایە).

ڕاستە کۆمۆن پاش ئەوەی لەناوبرا، لە "یادەوەری" چەپدا مایەوە. میانگری ئەو دامەزراندنە دژیەکە، ململانێی پەرلەمانی بوو لەپێناو دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کۆمۆنییانەی لە تاراوگە بوون، یان ئەوانەی هێشتا لە زینداندا مابوونەوە. چەپ بەهیوابوو بەو ململانێیە، بێ ئەوەی هیچ ڕیسکێک بکات، پێگەی خۆی لەکاتی هەڵبژاردندا بەهێز بکات. ئینجا چەرخی یادکردنەوەکان دەستپێدەکات، کە پێشتر لەبارەیەوە دوام.

ئەمڕۆ، دەبێت دونیابینی سیاسیانەی کۆمۆن بگێڕینەوە، لە ڕێگەی پێواژۆی نا-یەکگرتنەوە: کە بە دابڕان لە چەپ لەدایک دەبێت، بۆیە دەبێت ئەم دونیابینیە لە هەموو هیرمۆنتیکێکی چەپ دابڕین کە ماوەیەکی زۆرە لەنێویاندا نوقم بووە.

بۆ ئەمە، با سوود لەو فاکتە وەرگرین کە چەپ هێندە نامەردە، تەنانەت خۆیشی وانیشان نادات کۆمۆنی لەیاد ماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەکە ئاسان نییە. دەبێ بە سەبرەوە بکەرەکان دەستنیشان بکەم و ڕووداوەکان دووبارە داببڕمەوە.

## ئۆنتۆلۆژیای کۆمۆن:

## کۆمۆن بریتییە لە پێگە

دۆخێک بە نموونە وەربگرە. فرەیی ئوبێکتێکی ئەو دۆخەیە -کە ڕەگەزەکانی لە ڕێگەی ترانسێندێنتاڵی ئەو دۆخەوە پێڕست کراوە- ئەو بریتییە لە پێگەیەک، ئەگەر بێتو خۆی بە سەر بەو کایە ژێدەریە بزانێت کە تێیدا پێڕست کراوە. یان: پێگە بریتییە لە فرەیییەک کە ڕەنگە لە دۆخێکی دیاریکراودا، وەکچۆن رەفتار لەگەڵ ڕەگەزەکانی خۆیدا دەکات، وەهاش رەفتار لەگەڵ خۆیدا بکات، بەجۆرێک خۆی ببێتە پشتیوانی بۆ سەرهەڵدان و بوونی خۆی.

گەرچی ئایدیاکە تەمومژاوییە، بەڵام خەریکە ناوەڕۆکەکەی دەبینین: پێگە بریتییە لە یەکتایی[8]، چونکە دەبێت لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی پێکهاتە فرەییەکەیدا بێتەبوون. ئەو لەنێو جیهاندا، بوونی بەرچاوی بوونی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەمەش چەند ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە، یەک لەوانە ئەوەیە پێگە بوونێکی چڕی هەیە. پێگە ئەو بوونەیە کە دەکرێ خۆبەخۆ دروست ببێت. هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە بەڵگە لەسەر ئەوە بێنینەوە کە ١٨ـی مارتی ١٨٧١ بریتییە لە پێگەیەک.

---

[8] یەکتایی singularity یان تاقانەیی یاخود دەگمەنی. وەرگێڕی کوردی

کەواتە، گەرچی ڕیسک دەکەم و قسەکانم دووبارە دەکەمەوە، بەڵام لەپێناو بونیادنانەوەیەکی دەگمەندا، ناچارم قسەکانم دەربارەی بارودۆخی "پاریس لە کۆتایی شەڕی نێوان فەرەنسا و پروسیا لەساڵی ١٨٧٠" دووبارە بکەمەوە. ئێمە لە مانگی مارتی ١٨٧١ـدایین. بۆرژوازە "کۆماریخوازەکان" لە حکومەتی کاتیدا، پاش ئەوەی وایان نیشاندا بەرەنگاری دەکەن، چونکە لە ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕیی و کرێکاریی پاریس ترسابوون، لەبەردەم پروسییەکانی بسمارکدا چۆکیان دادا. بۆ چەسپاندنی ئەم سەرکەوتنە سیاسییەش -کە زۆر لە تۆڵە پێچەوانەکەی ساڵی ١٩٤٠ــی پێتان دەچێت- (کە باشترە لە ڕیزی دوژمنە دەرەکییەکاندا ڕیزی بکەین نەک لە ڕیزی دوژمنە ناوخۆییەکاندا) بە پشتیوانی گوندنشینە تۆقیوەکان، ئەنجومەنێکیان لە بۆردو پێکهێنا کە زۆرینەی ئەندامەکانی پاشاییخواز بوون.

ئەو حکۆمەتەی کە سیێر سەرۆکایەتی دەکرد، بۆ لەناوبردنی توانای سیاسیی کرێکاران بە تەواوی، بارودۆخەکەی قۆستەوە. بەڵام لە بەرەی پاریسدا، پرۆلیتاریا لە فۆرمی گاردی نیشتمانیدا چەکدار کرابوو، چونکە لە سەروبەندی گەمارۆکردنی پاریسدا مۆبیلیزە کران. لە ڕووی تیۆرییەوە، پرۆلیتارە پاریسیەکان خاوەنی سەدان بۆمبهاوێژ بوون. کۆمیتەی مەرکەزی، ئۆرگانی "سەربازی" پاریسیەکان بوو، نوێنەری سەرجەم تیپەکانی گاردی نیشتمانی تێدا بوو، ئەو تیپانەی کە لینکیان لەگەڵ گەڕەکە کرێکارنشینە گەورەکانی پاریسدا هەبوو، وەک: مۆنتمارتەر، بێلڤێل، هتد.

کەواتە لە بەردەم جیهانێکی دابەشبوودا بووین، کە ڕێکخستنە لۆژیکیەکەی -ئەوەی ئێمە لە زمانی فەلسەفەدا پێی دەڵێین ڕێکخستنی ترانسێندێنتاڵ- بەپێی دوو پێوەری ئەنتاگۆنیست، بوونی سیاسی چڕدەکاتەوە. سەبارەت بە ڕێکارەکانی تایبەت

به یاسا و هەڵبژاردن و نواندنەوە، دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی گوندشینە ترانسێندێنتاڵیستەکان لە حکومەتەکەی سییێردا باڵادەستبوو، لە سەردەمی ئەفسەرەکانی سوپای رژێمیشدا کە لەلایەن سەربازە پروسەکانەوە بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ تێکشکێنرا، خەونیان ئەوەبوو لەگەڵ کرێکارە پاریسیەکاندا یەکبگرن. دەسەڵات لەوێ بوو، بە تایبەت لەبەرئەوەی تاکە لایەنێک بوو لەلایەن داگیرکەرەوە دانی پێدا نرابوو. لە بەرەی بەرەنگاری و داهێنانی سیاسی و مێژوویی شۆڕشگێڕیی فەرەنسییشدا، ڕێکخستنە کرێکارییەکانی پاریس لە پشێوویدا بوون، کۆمیتەی مەرکەزیی کەرتی بیست، فدراسیۆنی یەکێتییە بازرگانییەکان، هەندێک لە ئەندامانی ئەنتەرناسیۆناڵ، کۆمیتە سەربازییە لۆکاڵییەکان، هەموو ئەمانە بەنێو یەکدا بوون... لە ڕاستیدا وزەی مێژوویی ئەم جیهانەی کە بەهۆی لێکەوتەکانی جەنگەوە دابەش و لێکهەڵوەشاوە، لەوەدایە کە قەناعەت بە زۆرینە هێنراوە توانایەکی حکومیی کرێکاریی بوونی نییە. چونکە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە، بەلای خودی کرێکارە سیاسییەکانیشەوە، کرێکارە سیاسییەکان ئاڵۆزن و کەس لێیان تێناگات. ئەوان لەناو ئەم جیهانە گومانلێکراوەی بەهاری ١٨٧١ـدا، سیمای نەبوونی "توانای سیاسی" بەرجەستە دەکەن. بەڵام بەلای بۆرژوازەکانەوە، ئەوان لانیکەم لە ڕووی فیزیکییەوە بوونیان هەیە. حکومەت هەڕەشەیەکی لە بازاڕی ئاڵوێری پشکەوە بۆ هاتووە دەڵێت: **"هیچ پرۆسەیەکی دارایی ئەنجام نادەن هەتا خۆتان لەو بەدفەڕانە رزگار نەکەن"**. بۆ دەستپێک، با نموونەیەکی ئاسان بێنینەوە: داماڵینی چەک لە کرێکاران، بە تایبەت گێڕانەوەی ئەو بۆمبهاوێژانەی کە کۆمیتە سەربازییەکان لە گەڕەکە کرێکارنشینەکانی پاریسدا بەسەر گاردی نیشتمانیدا دابەشیان کرد. ئەم هەوڵەیە کە زاراوەی "١٨ـی

مارت" (وەک ڕۆژێکی نێو بارودۆخی "پاریس لە بەهاری **١٨٧١**") دەکاتە پێگە، کە لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی دیاریکراودا خۆی دەسەپینێت.

**١٨**ـی مارت یەکەم ڕۆژی ئەو ڕووداوەیە کە خۆی ناوی خۆی نا کۆمۆنی پاریس، واتە پیادەکردنی دەسەڵات لە پاریس، لەلایەن خەباتگێڕی سیاسیی کۆماریخواز و سۆشیالیستەوە، لەلایەن ڕێکخستنی کرێکاریی چەکدارەوە، لە هەژدەی مارتەوە تا بیست و هەشتی ئایاری **١٨٧١**. قۆناغێک کە باجەکەی قەڵاچۆکردنی دەیان هەزار "یاخی" بوو، لەسەر دەستی سەربازەکانی حکومەتەکەی سییێر و ئەنجومەنی کۆنەخواز.

ئەم دەستپێکە وەک ناوەڕۆکێکی دیار بەمانای چی دێت، دەستپێکێک کە پێی دەوترێت هەژدەی مارت؟ هەندێک بەمشێوە وەڵاممان دەدەنەوە: ئەم دەستپێکە بوارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی بوونەوەری کرێکاریی -کە هەتا ئەمڕۆش وەک نیشانەی نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، وەک سەرهەڵدانێکی توندئاژۆ، وەک تیۆرێکی هەڕەشەئامێز، تەماشای دەکرێت- لە نێو فەزای توانای سیاسی و حوکمەتداریدا.

پاشان چی ڕوویدا؟ سییێر فەرمانیکرد بە ژەنێراڵ ئۆرێڵ دوپلادین هەرچی بۆمبهاوێژ هەیە لە گاردی نیشتمانی داماڵێت، هەرواشبوو، لە نزیک کاژێر سێی بەیانی لەلایەن هەندێک جوداخوازی دەستەبژێرەوە ئەم کارە ئەنجامدرا. بە ڕواڵەت پرۆسەکە وەک سەرکەوتنێکی سەرتاسەری دەردەکەوت. دەستبەجێ لێدوانێکی سییێر و وەزیرەکان بەسەر دیوارەکاندا هەڵواسرا، لێدوانێک کە پارادۆکسی گەورە لە هەڵسەنگاندنە ترانسێندێتاڵە شپرزەکەیدا بوو: **"با هاوڵاتییە باشەکان خۆیان لە هاوڵاتییە خراپەکان جیابکەنەوە و یارمەتی دەسەڵاتی گشتی بدەن"**. لەگەڵ ئەوەشدا، کاژێر یانزەی

بەیانی، پرۆسەکە بە تەواوی شکستیهێنا. چونکە سەدان ژنی ئاسایی، سەدان کرێکاری نەناسراو، سەدان گاردی نیشتمانی، خۆبەخۆ رەفتاریان کرد و سەربازەکانیان گەمارۆدا. چەندین سەبازیش بوون بە هاوڕێیان و هاتنە ڕیزیانەوە، بەمشێوە بۆمبهاوێژەکانیان بەدەستهێنایەوە. ژەنێراڵ ئۆرێڵ دوپلادین تۆقی و ترسێکی گەورەی لێنیشت، کاتێک مەترسییە سوورە مەزنەکەی بینی: **"حکومەت داواتان لێدەکات بەرگری لەماڵەکانتان بکەن، لە خێزانەکانتان، لە خاوەندارێتیەکانتان. چونکە هەندێ خەڵکی چەواشەکراو بەگوێی کۆمەڵێک سەرکردەی نهێنی دەکەن کە ئەو بۆمبهاوێژانەی لە پروسەکان وەرگیران، لەدژی پاریس بەکاریان دێنن"**. بەپێی قسەی ئەو، دەیانەوێت **"ئەو کۆمیتە یاخیبووە لەناو بەرن، کە ئەندامەکانی تەنها نوێنەرایەتی لە کۆمۆنیزم دەکەن، ئەوان پاریس دەخەنە بەر مەترسی تاڵانکردنەوە، کار لەسەر ئەوە دەکەن فەرەنسا لەگۆڕنێن"**.

گەرچی ئەم یاخیبوونە ئاراستەکردنێکی ڕاستەقینەی لەپشتەوە نەبوو، کەچی بەناو شاردا کشا و سەرتاسەری گرتەوە. ڕێکخستنە کرێکارییە چەکدارەکان دەستیان بەسەر سەربازگە و باڵەخانە گشتییەکاندا گرت، پاشان دەستیان گرت بەسەر باڵەخانەی شارەوانیدا Hôtel-de-Ville، ئەوجا پاش ئەوەی ئاڵای سووری تێدا هەڵکرا، بوو بە پێگە و ڕەمزی دەسەڵاتی نوێ. سیێر بە نهێنی هەڵهات، ژیل فاڤەری وەزیریش لە پەنجەرەکەیەوە خۆی هەڵدا خوارەوە، دەزگای حکومەتیش بەتەواوی نەما و لە ڤێرسای جێگیربوو. پاریس کەوتە دەستی یاخیبوونەوە.

ڕۆژی ١٨ـی مارت بریتییە لە پێگەیەک، چونکە جیا لە هەموو ئەو شتانەی لەژێر پەردەی ئەو فرەمانا ترانسێندێنتاڵەی جیهانی "پاریس لە بەهاری ١٨٧١ـدا" دەردەکەوێت، پێگەیەکە کە وادەردەکەوێت دەستپێکێکی شۆکهێنەر و چاوەڕواننەکراوی دابڕانە لەگەڵ ئەو شتەی (بەڕاست، هێشتا لە دەرەوەی کۆنسێپتدایە) سەرهەڵدانی ئەم دیاری دەکات. "١٨ـی مارت" ناونیشانی بەشێکی شاکارێکە: "مێژووی کۆمۆنی ١٨٧١"، کە تێکۆشەر لیساگارای لەساڵی ١٨٧٦ـدا بڵاویکردۆتەوە. لەم بەشەدا قسە لەسەر "ژنانی ١٨ـی مارت" و "خەڵکی ١٨ـی مارت" دەکات، پێماندەڵێت "١٨ـی مارت" ئەو ئامرازەیە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە چاوەڕواننکراوەکانی ڕووداوەکاندا بەکاری بێنین. لیساگارای پێیوایە، بەهۆی ڕووداوە لەناکاوەکانی هەژدەی مارتەوە، لەژێر گوشاری بووندا، یاساکانی سەرهەڵدان ڕیشەیان داکوتا و چەسپان. لە ڕاستیدا، سەرکەوتنی کرێکارە پاریسیەکان لە تێکشکاندنی ئەو چوارچێوە سیاسییە باڵادەستە و ڕێگرتن لە بەدیهاتنی ئەکتە دیاریکراوەکەی حکومەت (دەستگرتن بەسەر بۆمبهاوێژەکان)، بووە هۆی سەرهەڵدانی توانایەکی شاراوە و دەسەڵاتێکی بێوێنە. بۆیە لەژێر فەرمانی بووندا، "١٨ـی مارت" وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دۆخێک کە دۆخی خۆیەتی، سەریهەڵدا.

لەڕاستیدا، لە گۆشەنیگای سەرهەڵدانێکی چاک ڕێکخراوەوە، دەتوانین بڵێین، هاتنەکایەی دەسەڵاتێکی کرێاریی و شەعبیی حکومەتی، ئیمکانی نەبوو. ئەمە لەمەڕ ئەو کرێکارە خەباتگێڕانەش ڕاستە کە بەجۆرێکی تەمومژاوی بە زمانی "کۆمار" قسەیان دەکرد. ئێوارەی ١٨ـی مارت، زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزیی گاردی

نیشتمانی -کە لە شاردا تاکە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بوو، پاش ئەوەی ئەندامە یاساییەکانی هەڵهاتن- بڕوایان وابوو کە نابێت لە Hôtel-de-Ville باڵەخانەی شارەوانیدا دانیشن، دەیانوت ئێمە "ڕاسپێردراوی حکومەت نین". ئەمەش وادەکات، وەک ئەو قسانەی لە بارەی "چەپەوە" کردمان بڵێین، ئەوان نەیانتوانی خۆیانی لێ دابڕن. هەلومەرج ناچاری کردن پەلە بکەن و بەگوێی ئیدوارد مۆر بکەن -کە کەسێکی ناسەنگین بوو- کە لە بەرەبەیانی ١٩ـی مارتدا هانیدان بۆ بڕیاردان لەسەر "ڕێکخستنی هەڵبژاردن، خزمەتکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان، پاراستنی شار لە هەر ڕووداوێکی لەناکاو". بۆیە ڕاستەوخۆ، چ بە ویستی خۆیان یان بە ناچاری، دژ بە شوێنکەوتنی دەسەڵاتی سیاسیی چەپی پەرلەمانی وەستانەوە. بەمشێوە ١٨ـی مارتیان کرد بە دەستپێکی ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتێک کە خۆی بەرئەنجامی ١٨ـی مارت بوو.

کەواتە دەبێت تێبگەین کە ١٨ـی مارت بریتییە لە پێگەیەک، تایبەتە بە هەموو ئەو شتانەی خۆیان بەسەر ئەو ڕەگەزانەدا دەسەپێنن کە یاریدەدەری بوونی ئەمن، وەکو وابێت هەڵسەنگاندنێکی ترانسێندێنتاڵی نوێی ئەندازەی چڕبوونی، لە باگراوەندی تەمومژاویی بوونی کرێکار بخوازێت. پێگەی "١٨ـی مارت"، ئەم "١٨ـی مارت"ـە ئەزموونییە کە هۆکاری ئاستەمبوونی ئەگەری بەدیهاتنی بوونی کرێکارە، تێکشکێنەری ڕێساکانی سەرهەڵدانی سیاسیی (لۆژیکی دەسەڵات) بوو، بەپشتیوانی پاڵپشتە چالاکەکەی.

## کۆمۆن حاڵەتێکی دەگمەنە

## لۆژیکی کۆمۆن، ١

پێگە لە ڕووی بوونەوە، بریتییە لەو فرەییەی کە خۆی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خۆی. ئەمە ئەو شتە بوو کە لەڕێگەی نموونەی ١٨ـی مارتەوە دەستنیشانمان کرد، کە وەک کۆمەڵێک سەرکێشیی ئاڵۆز، "١٨ـی مارت"ـی لێکەوتەوە، کە لەنێو ئوبێکتی "١٨ـی مارت"ـدا دامەزرا، وەک پێویستییەکی سەرهەڵدانێکی سیاسیی نوێ، وەک هێزێکی بێوێنەی هەڵسەنگاندنێکی ترانسێندێنتاڵی شانۆی سیاسی.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت بیر لە پێگە بکەینەوە، نەک تەنها وەک تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆجی وەک ئێستا باسمکرد، بگرە وەک درێژکراوەیەکی لۆژیکیی ئاکامەکانیشی.

لە ڕاستیدا، پێگە فیگەرێکی دەستبەجێیە، تەنها لەپێناو نادیاریدا دیاردەکەویت. ماوەی ڕاستەقینەی پێگە، ئەو کاتەی کە پێگە واڵای دەکات یان دایدەمەزرێنێت، سەر بە ئاکامەکانی خۆیین. جۆشوخرۆشی ١٨ـی مارتی ١٨٧١، یەکەم دەسەڵاتی کرێکاریی لە مێژوودا دامەزراند، بەڵام لە ١٠ـی ئایاردا کاتێک کۆمیتەی مەرکەزی ڕایگەیاند، بۆئەوەی **"شۆڕشی ١٨ـی مارت، کە بە باشی دەستیپێکرد"** ڕزگاربکەن، **"کۆتایی بە شەڕ و ڕق و ڕکابەری و پەککەوتن و نەزانی دێنن"**. ئەم بیچارەییە خۆهەڵکێشە خیانەتی لە هەموو ئەو شتانە دەکرد کە دوو مانگ بوو لە شاردا، لە پەخشکردن و ڕووماڵکردنی چڕبوونەوە سیاسییەکاندا دەردەکەوت.

کەوابێ، مەبەست چییە لە ئاکام؟ ئەم خاڵە خاڵێکی بنەڕەتی و گرنگی تیۆری دەرکەوتنی مێژوویی سیاسەتێکی دیاریکراوە. بەڵام من وردەکارییە تەکنیکیەکانی ئەم تیۆرە لادەبەم. سادەترین ڕێگا بۆ چەسپاندنی بەهای پەیوەندی ئاکامەکانی نێوان دوو تێرمی بارودۆخێک ئەوەیە نیوەندی ژمارەی بوونی بخەملێنین. ئەگەر بەهای بوونی ڕەگەزی a لە بارودۆخێکی دیاریکراودا هەمان بەهای بوونی ڕەگەزی p هەبێت، وەگەر ڕەگەزی b لە هەمان بارودۆخدا هەمان پلەی q هەبێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین b ئاکامی aـیە و یەکسانە بە پاشکۆکانی ئەم چڕبوونەوە، یان یەکسانە بە نەزمی خۆی. بۆنموونە ئەگەر بێین و چڕبوونەوەی بوونی ئەو بارودۆخەی سەرەوە پێوانە بکەین، ئەگەر q زۆر لە p بچوکتر بێت، ئەوا b پاشکۆی aـیە.

کەواتە دەتوانین بڵێین: ئاکامەکان بریتیین لە پەیوەندییەکی بەهێز یان لاواز، لەنێوان بوونەکاندا. کەواتە ئەو پلەی کە بەهۆیەوە شتێک دەبێتە ئاکامی شتێکی تر، سەربەخۆ نییە لە چڕیی بوونی ئەو شتانەی لەنێو بارودۆخەکەدا هەن. بۆیە دەتوانرێت بەیاننامەکەی ١٠ـی ئایاری ١٨٧١ـی کۆمیتەی مەرکەزی، وەک تێزێک دەربارەی ئاکامەکان بخوێنرێتەوە. تێزێک ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێهەڵدەهێنجێنرێت:

- بەهێزیی ئەندازەی چڕیی بوونی ڕۆژی ١٨ـی مارتی ١٨٧١، ئەو ڕۆژەی کە شۆڕش "بە باشی دەستپێکرد".
- پلەی کارەساتباوی بوونی دیسپلینی سیاسیی نێو کەمپی کرێکاریی پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ ("نیازی خراپ"، "پێشبڕکێ"، "نەزانی"، "پەککەوتن").
- ئارەزووکردن (کە بەداخەوە ئارەزووکردنێکی پەتییە) بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئاکامە سیاسیەکانی هێزی بوونی ڕەسەنایەتییە نادیارەکەی.

پێگە دیار/نادیاری فرەییە multiple، کە پارادۆکسەکەی لە خۆ-ئەندامبوونیدایە self-belonging. لۆژیکی پێگە لە دابەشکردنی چڕییەکاندایە بە دەوری ئەم خاڵە نادیارەدا، کە بریتییە لە پێگە. کەواتە دەبێت لە سەرەتاوە دەستپێبکەین: کامەیە بەهای بوونی پێگە لە خۆیدا؟

هیچ شتێک لە ئۆنتۆلۆجیای پێگەدا، پێشوەختە بەهای بوونی دیاری ناکات. دیاربوون و دەرکەوتن ڕەنگە تەنها دەرکەوتنێکی لۆکاڵی بێت و بەحاڵ "بەدیاربکەوێت" و پێبزانرێت (وەک وێنەیەکی پەتی، نەک وەک پەیبردن). یاخود: نادیار هیچ شوێنەوارێک جێناهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەژێر کاریگەری ئۆنتۆلۆجیانەی نیشانە گۆڕانی "ڕاستەقینەدا" (خۆ-ئەندامبوون و دەستبەجێ نادیاربوون)، ئەگەری ئەوە هەیە پێگەیەک، بە حوکمی بێبەهایی بوونی، جیاواز بێت لە بەردەوامبوونێکی ئاساییانەی بارودۆخ.

بۆنموونە، سێشەممە ٢٣ـی ئایار، کاتێک پاریس لەژێر ڕکێفی سەربازە ڤێرساییەکاندا بوو -کە هەزاران کرێکاریان لە سەرتاسەری شارەکەدا گوولەباران کرد- لە کاتێکدا کۆمۆنییەکان بەبێ بوونی سەرکردایەتییەکی سیاسی و سەربازی سەنگەر بە سەنگەر شەڕیان دەکرد، ئەوانەی لە کۆمیتەی مەرکەزی مابوونەوە دوایین مانیفێستۆیان بڵاوکردەوە و زۆر بەخێرایی بە هەندێک دیواردا هەڵواسرا. ئەو مانیفێستۆیە، وەک لیساگارای بە تەنزەوە دەڵێت، "مانیفێستۆی سەرکەوتووەکان" بوو. مانیفێستۆکە داوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی (یاسایی) ڤێرسای و کۆمۆن دەکرد، داوای دەکرد سوپا لە پاریس بکشێتەوە، حکومەتێکی کاتی پێکبێت و بسپێردرێتە نوێنەری شارە گەورەکان، هەردوو لایش لێبوردنی گشتی دەربکەن. ئەم "مانیفێستۆ" چۆن بخەینە

سەر پێی خۆی؟ چونکە بەپێی جیاوازییەکانی بێت، ناتوانرێت وەک بارودۆخێکی ئاسایی تەماشا بکرێت. ئەم مانیفێستۆ هێشتا گوزارشت لە متمانە بەخۆبوونی کۆمۆن دەکات، گوزارشت لەوە دەکات کۆمۆن دەستپێکێکی سیاسییە. ئەم دیکۆمێنتەی کە واخەریکە بای زیندانی سەربازگەکان لەگەڵ خۆیدا دەیبات، شەرعیەتی ئەوەی هەیە دەستی پێوەبگرین و بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی پێگە دایبنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، بە کەمبوونەوەی یاخیبوونی کرێکاریی، بەهای بوونی لاواز دەبێت. ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە هێزی یەکتایی پێگەیە. بێگومان مانیفێستۆی کۆمیتەی مەرکەزی، لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە لە چوارچێوەی ئەو دارِشتنە هاوئاهەنگە ڕووداوئاسای "کۆمۆنی پاریس"ـدا پێگە وەردەگرێت. بەڵام دەبێت بزانین مانیفێستۆ لەخۆیدا نیشانەیەکە بۆ لەناوچوون، نیشانەیەکە بۆ پەککەوتن، چونکە یەکتایی خۆی خستە نێو پەراوێزی دارِشتنێکی سادە و پەتیی بارودۆخەوە، خستییە نێو پێشکەوتنی میکانیکیانەی خۆیەوە، بێ ئەوەی داهێنانێکی ڕاستەقینە بەدیبێنێت.

با لەمبارەوە ئەو بڕگە سامناکەی جولیەن گراک لە تێکستی "سەر پیتەکان" Lettrines بەنموونە بێنینەوە، کە باس لە دوایین ساتەکانی کۆمۆن دەکات. لە ساڵی ١٩٨١ـدا هەمان ئەم دەقەم لە پێشەکیی کتێبی "تیۆری سوبێکت"ـدا هێنایەوە، تاکوو نیشانیدەم ئەو کۆششە فەلسەفیەم، گەر بە کەمیش بێت، بەشدار دەبێت لەوەی نەهێڵێت (ئێمەی میراتگریی سیاسیی شۆڕشی کولتوری و ئایاری ٦٨) ببینە "دەڵاڵی ماسیی رینگ".

گراک بەرگی سێهەمی ژیاننامەکەی ژیل ڤالیی سەرکردەی کۆمۆن کە لەژێر ناونیشانی "یاخیبوون"ـدایە، دووبارە دارِشتۆتەوە، ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لە کۆمێنتەکەی:

**مارکس لێبوردە بوو بەرامبەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆمۆن، سەرەڕای ئەوەی ئەوانی بە کەمتەرخەم دەزانی. لە ڕاستیدا شۆڕش ژەنێراڵی خۆی هەبوو. ڕاشکاویی ڤالی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەو شۆڕشگێڕانەی تۆقاند و سەرسامکرد کە بەربەست دانەرەکانی بێلڤێل لە دوایین ڕۆژەکانی هەفتەی خوێناویدا تفیان لێدەکردن. کاتێک سەرکردایەتیکردنی شەڕێکی باش دەکەین، هیچ بیانوویەک نییە وامان لێبکات خاوی تیابنوێنین.**

**جۆرە هێڵنجێکی سامناک ڕوومان تێدەکات، کاتێک لە لاپەڕەکانی دواییندا جۆرێک ماسک پۆشینی نارێک و پێکەنیناوی و جێبەزەیی دەبینین، وەختێ دەخوێنینەوە و دەزانین نوێنەرە بەدبەختەکەی کۆمۆن -کە لەو ڕۆژانەی دواییدا نەیوێراوە پشتێنەکەی نیشاندات و لە نێو ڕۆژنامەیەکدا شاردویەتییەوە- وەک شارلۆت پترۆلەر وابووە، کە بەنێو تەقینەوەکاندا وەک سەگی بەرەڵلا لەم سەنگەر دەچوو بۆ ئەو سەنگەر و بەخێرایی ماسیی رینگ و گوللە و کەرەستەی ئاگری دابەش دەکرد و لەو ئاپۆڕە کیناویە دەپاڕایەوە -کە بە هۆی ئەو گۆبەندەی تێیدا بوون تورەییان لێدەڕژا- بەوپەڕی خەمباری و بەزەییەوە دەیوت: "بە تەنیا جێمبێڵن، تکایە، من پێویستم بەوەیە بە تەنیا بیربکەمەوە".**

**له تاراوگەش وەک دلێرێکی پەکەوتوو، دەبوو جارناجارێ لەخەو هەستێت و گوێ لەو دەنگە جیدیانە بگریت کە چەند خولەکێک پاشتر قەڵاچۆ دەکرێن و لە سەنگەرەکانەوە هاوار دەکەن: "کوان فەرمانەکان؟ کوان پلانەکان؟"**[8].

بۆئەوەی نسکۆیەکی لەم چەشنە ڕوونەدات، دەبێت دیارکەوتنی پێگە خاوەنی هێز و توانای دیارکەوتنێکی وەها بێت کە بتوانێت ڕەوینەوەی خۆی قەرەبوو بکاتەوە. هیچ شتێک هێندەی پێگە هێزی ڕووداوی نییە، کە بەهای بوونی بەهایەکە لە لوتکەدایە. ١٨ـی مارتی ١٨٧١ـیش ڕێک بەمشێوەیە بوو، کاتێک کرێکارانی پاریس، لەسەرو هەموویانەوە ژنان، نەیانهێشت سوپا چەک لە گاردی نیشتمانی داماڵێت. بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کۆمۆن لە مانگی نیساندا ئەمەیان پێنەکرا.

هەر پێگەیەک ئاستی چڕیی بوونی لە لوتکەدا نەبێت ناوی دەنێین فاکت، هەر پێگەیەکیش ئاستی چڕیی بوونی لە لوتکەدا بێت ناوی دەنێین یەکتایی.

هێزە داپلۆسێنەرەکانی ڤێرسای دەیانویست بە پروپاگەندە لەئاستی دەگمەنی کۆمۆن کەمبکەنەوە و وەک کۆمەڵێک فاکت نیشانیان دەدا کە دەبوو بچێتە چوارچێوەی نەزمی ئاسایی شتەکانەوە. وتە بەناوبانگەکانی ٢١ـی ئایاری ١٨٧١ لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆنموونە لە سەروبەندی کوشتنی بەکۆمەڵی کرێکاراندا، لە ڕۆژنامەی Le siècleـی کۆنزەرڤاتیڤدا دەنووسرێت: **"کێشە کۆمەڵایەتییەکە جارەسەر کرا یان لە سەروبەندی چارەسەرکردندایە"**. لەمە جوانتر چی بنووسن. لەلایەکی دیکەشەوە هەر

[8] cf. Julian Gracq, Lettnnes: fEuvres completes. Gallimard, 1989, pp. 205-206; and Alain Badiou, Theone du sujet,Seuil, 1982, pp. 14.-15.

له ٢١ــی مارتەوە و پاش سێ ڕۆژ له یاخیبوونەکە، ژیل فاڤەر دەڵێت: "**پاریس لەژێر چنگی کۆمەڵێک دەستی تاوانباردایە، مافەکانی ئەنجومەنیان وەلا ناوە، نازانم ئەمە چۆن ئایدیاڵێکی چڵێس و خوێناوییە**". له دیارکەوتنی بارودۆخێکدا، بژاردە ستراتیژی و تاکتیکیەکان لەنێوان فاکتبوون یەکتاییدا دێن و دەچن، چونکە وەک هەمیشە، پرسەکە پرسی نەزمێکی لۆژیکیی ڕەوشەکانە.

کاتێک جیهان بۆ دواجار پێگە وەردەگرێت -لەو شتەی له پێگەدایە- دەکەوێتە بەردەم دوو بژاردەوە: یان بوون بەفاکت یان بوون به یەکتایی، ئەوکات تەونی ئاکامەکان یەکلایی دەکەنەوە.

## ١٨ــی مارت و ئاکامەکانی

## لۆژیکی کۆمۆن، ٢

یەکتایی زۆر جیاوازە لەوەی تەنها درێژەپێدەرێکی فاکت بێت، چونکە ئاستی چڕیی بوونی له لوتکەدایە. ئێستاش ئەگەر بێین و یەکتایی لاواز و بەهێز لێکجیابکەینەوە، پێگەی ڕەویو، بەپێی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاکامەکاندا، پێگەیەک لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی ئەو بارودۆخەی له جیهاندا ئامادەبوو، پێکدێنێت.

به کورتی، زەمەنی دیار/نادیاری بوون لە بەرزترین پلەیدا، هێزی یەکتایی دەبەخشێتە پێگە. بەڵام هەموو هێزێکی ئەم یەکتاییە لەوەدایە وا لە بوون بکات بگاتە لوتکە.

لێرە بەدواوە، بۆ ئاماژەدان بە هەر یەکتاییەکی بەهێز، ڕووداو بەکاردێنین. بۆ جیاکردنەوەی بەهێز/لاوازی جۆرەکانی یەکتایی (بۆ ئەو پێگانەی کە چڕیی ترانسێندێنتاڵی بوونیان لە لوتکەدایە).

دیارە لە چوارچێوەی هەوڵی دیارکەوتندا، لە ڕێگەی حەقیقەتێکی دیاریکراوەوە، کۆمۆنی پاریس کە لەماوەی دوو مانگدا خوێنای کرا و لەنێوبرا، زۆر لە ٤ـی سیپتەمبەری ١٨٧٠ گرنگترە، کە تێیدا رژێمی سیاسیی ئیمپراتۆریەتی دووەم تێکشکێنرا و کۆماری سێهەم دامەزرا، کە حەفتا ساڵی خایاند. ئەمەش تەنها بەهۆی ڕۆڵی بکەرەکانەوە نەبوو: چونکە لە ٤ـی سیپتەمبەریشدا، ئەوە کرێکاران بوون لەژێر لەشکری ئاڵا سوورەکاندا باڵەخانەی شارەوانییان داگیرکرد و ئەفسەرەکانیان لەکار لابرد، وەک لیساگارای دەڵێت: **"خاوەن پلە باڵاکان، فەرمانبەرە پلەدارەکان، مەمالیکە درندەکان، وەزیرە زۆردارەکان، یاوەرە فەرمییەکان، ژەنێراڵە سمێڵدارەکان، لە ٤ـی سیپتەمبەردا وەک ڕانە بەرازێکی ترسنۆک هەڵهاتن"**. ئەوەی ڕوویدا، لەلایەک یاخیبوونێکی کورتخایەن بوو، لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی دەوڵەت بوو. ٤ـی سیپتەمبەر لەلایەن کۆمەڵێک سیاسەتوانی بۆرژوازەوە دەستی بەسەردا گیرا، کۆمەڵێک سیاسەتوان کە شێت و شەیدای ئەوەبوون بگەڕێنەوە بۆ سیستەمی خاوەندارێتی. بەڵام کۆمۆن کە سەرچاوە و ئایدیاڵی لینین بوو، بەدرێژایی سەدەیەک

ژێدەرێکی سەرەکی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕیی بوو، بۆیە شایانی ئەو پێناسەی مارکسە کە بەر لەوەی بەو چەشنە خوێناویە کۆتایی پێبێت لەبارەیەوە دەڵێت:

**کۆمۆن دەستپێکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەیە، لە پاریسدا چارەنووسی هەرچۆن بێت، جیهان دەگرێتەوە و بە تەواوی دونیا دەگات. ئەوەتا چینی کرێکاری ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ستایشی دەکەن و وەک وشەیەکی سیحری بۆ سەرفەرازبوون بەکاری دێنن**[9].

چواری سیپتەمبەر یەکتاییەکی لاوازە، چونکە بووە هۆی گەشەسەندنی گشتیی دەوڵەتە ئەوروپییەکان، هاوکات فۆرمی پەرلەمانیی بەدوای خۆیدا هێنا. کۆمۆنیش یەکتاییەکی بەهێزە، چونکە پێشنیازی هزرێکی رزگاری کرد کە -تاڕادەیەک بەشێوەیەکی هاوشێوە- لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ـدا بەکارهات، زیاتریش لە هاوینی ١٩٦٧ـدا لە چین بەکارهات، هەروەها لە ئایاری ٦٨ـی فەرەنسیدا بەکارهات. ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە تەنها ڕادەی چڕیی دیارکەوتنی نییە (وەک ئەوەی مەسەلەکە پەیوەست بێت بە بازنەیەکی توندئاژۆ و داهێنەرانەی دیارکەوتنەوە)، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئەم دیارکەوتنە هەرچەندە ڕەویبووبێتەوە بەڵام ئاکامە شکۆدارەکانی درێژەیان هەیە. سەرەتاکان بەوە دەپێورێن چەندە توانای ئەوەیان هەیە سەرەتای نوێ بەدوای خۆیاندا بێنن و دووبارە ببنەوە.

---

(9) Karl Marx, Civil War in France, First Draft, Archives of Marx and Engels, 1934, p. 173. Available online at www. marx2mac.comlM&E/CWF drf7 1 .html#sO

تایبەتمەندیی یەکتایی کە لە ئامرازەکانی خەستبوونەوەدا بەردەوام دەبێت، لە دەرەوەی خۆی و لە دەرەوەی چڕبوونەوەی، وامان لێدەکات بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە پاشکۆیەکی هەڕەمەکی دونیا -لەودیوی فاکت و درێژکراوەکانەوە- نەک تەنها وەک یەکتاییەک بگرە وەک ڕووداوێکیش تەماشای بکەین.

## کۆمۆن بریتییە لە ڕووداو

## لۆژیکی کۆمۆن، ٣

کەواتە هەموو شتەکان پشتیان بە ئاکامەکان بەستووە. هیچ ئاکامێکی ترانسێندێنتاڵ و بەهێزیش نییە هێندەی کارکردن لەسەر دیارخستنی شتێک لە جیهاندا بەهێزبێت کە پێشتر بوونی نەبووبێت. ١٨ـی مارتی ١٨٧١ ڕێک بەمشێوە بوو، کۆمەڵێک کرێکاری نەناسراوی خستە چەقی شانۆی سیاسییەوە، کرێکارەکان تەنانەت بەلای ئەو پیرەمێردانەشەوە نەناسراوبوون "شۆڕشگێڕەکانی ساڵی ١٩٤٨" کە لە مەترسی رزگاریان بووبوو و دواتریش بەداخەوە کۆمۆنیان گرفتار کرد. با بگەڕێینەوە بۆ یەکەم لێدوانی کۆمیتەی مەرکەزی لە ١٩ـی مارتدا، کە تاکە دەستەیەکی بەرپرس بوو لە یاخیبوونی ١٨ـی مارت: **"با پاریس و فەرەنسا بەردی بناغەی کۆمار و سەرجەم ئاکامەکانی دابنێین. ئەمە تاکە حکومەتێکە کە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بەسەردەمی داگیرکاری و شەڕی مەدەنی دێنێت".** کێ ئەم بڕیارە سیاسییە بێونەی واژۆکرد؟

بیست کەس، کە سێ چارەکیان پرۆلیتار بوون، تەنها بارودۆخ دروستیکردن و وایلێکردن بناسرێن. حکومەت لە ناسینەوەیاندا بەهەڵەدا چوو کاتێک بەوپەڕی لەخۆڕازیبوونەوە پرسیاری کرد: **"کێن ئەندامانی کۆمیتە؟ کۆمۆنیستن، بۆناپارتیستن، یان پروسین؟"** ئەمە جگە لەو قسەی کە بەردەوام بەنێو خەڵکیدا بڵاودەکرایەوە کە گوایە "بەکرێگیراوی بیانین". لەڕاستیدا ئەندامانی کۆمیتە ئەو کرێکارانە بوون کە تادوێنێ حسابی بوونیان بۆ نەدەکرا، بەهۆی ئاکامەکانی ڕووداوەوە بوونێکی سیاسیی باڵایان بەشێوەیەکی کاتی بەدەستهێنا.

کەواتە دەتوانین یەکتایی بەهێز لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بەوەدا بناسینەوە کە بەهۆی ئاکامەکانەوە توانای ئەوەی هەیە نەبوویەک بێنێتە بوون.

یان دەتوانین پێناسەیەکی پەتیتری بۆ دابنێین و بڵێین: پێدراوی پێگە (فرەییەک مەحکوم بێت بە خۆ-ئەندامبوون) بریتییە لە یەکتایی (کە چڕیی بوونی، چەندە کاتی و ڕەویو بێت، لە لوتکەدایە)، دەڵێین ئەم پێگەیە یەکتاییەکی بەهێزە، یان ڕووداوە، ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئاکامەکانی (لوتکەی) چڕیی پێگە بریتیبوو لە شتێک بەهای بوونی لە بارودۆخدا بوونی نەبێت، بەڵام بەهای بوونێکی پۆزەتیڤی هەبێت.

کەواتە بە پوختی دەتوانین بڵێین: ڕووداو بەهۆی لوتکەی چڕیی بوونیەوە، بوونێک دێنێتە بوون کە پێشتر بوونی نەبووە.

هەڵبەتە لێرەدا لە بەردەم پارادۆکسێکی توندئاژۆداین، چونکە ئەگەر شتێکی ڕاستەقینە لە لوتکەدا بێت، ئەوەی پێش ئەویش هەر لە لوتکەدا بووبێت، شتێکی لێدەکەویتەوە کە ئەویش لە لوتکەدایە؛ بەمجۆرە دەگەینە ئەنجامێک کە ناتوانین

پاڵپشتی لێبکەین، ئەنجامێک کە پێیوایە لەژێر کاریگەری ڕووداودا دەتوانین بڵێین ئەوەی لە پێگەدا بوونی نییە بێگومان بوونی هەیە.

لە ڕاستیدا، ئەو کەسە نەناسراوانەی کۆمیتەی مەرکەزی، کە لە پێش ١٨ـی مارتەوە لە ڕووی سیاسییەوە لە جیهاندا بوونیان نەبوو، ڕێک لەو ڕۆژەدا کە دەرکەوتن، هاتنە بوون. گەلی پاریس گوێڕایەڵی فەرمان و لێدوانەکانیان بوون، هاندەریان بوون لە داگیرکردنی سەرجەم باڵەخانە گشتییەکاندا، بەشداربوون لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی ڕێکیانخست.

دەتوانین پارادۆکسەکان بە سێ خاڵ شیبکەینەوە. یەکەم، پرنسیپی ئەم وەرچەرخانە لە نەبوونەوە بۆ بوونی ڕەها، لە دیارکەوتنی دونیاییدا، پرنسیپێکی ونبووە. ڕووداو بەهۆی ئەم وەرچەرخانە بوونگەرایەوە هێزی خۆی لەدەستدا. چونکە ١٨ـی مارتی ١٨٧١ وەک فرەییەکی ڕووداوئاسا، هیچ سەقامگیرییەکی تێدا نییە.

بۆیە، ئەگەر لە پرۆسەی دیارکەوتندا، نەبووی پێگەیەک ناچاربێت دەست بەسەر لوتکەی چڕییدا بگرێت، لەبەر ئەوەیە جێی ئەو شتەی گرتۆتەوە کە ونبووە، ڕادەی بەرزیشی نیشانەی جیاکەرەوەی خودی ڕووداوە لەنێو جیهاندا. بوونی "نەمر"ـی نەبوون ئەو شتەیە کە ڕووداوی ڕەویو وەک شوێنەوار و ئاگاداری لەنێو جیهاندا بەجێیاندێڵێت. مانیفێستۆکانی کۆمۆن کە یەکەم دەسەڵاتی کرێکارییە لە مێژووی گەردووندا، بوونێکی مێژوویین کە ئاشکرابوونیان لە جیهاندا بە ڕەهایی وەک ئامرازێکی نوێی دیارکەوتنیان، وەک وەرچەرخانێک لە لۆژیکیاندا، هەژمار دەکرێت. بوونی نەبوون، ئەو شتەیە کە لەئاستی دیارکەوتندا، لە ڕێگەی بوونی ژێربەژێرەوە

ڕێگە بۆ نەمانی خۆی خۆشدەکات. ئەمە نیشانەی لۆژیکی پارادۆکسی بوونە، لە وەهمێکی ئۆنتۆلۆجیدا.

## ڕووخان

## لۆژیکی کۆمۆن، ٤

سەرئەنجام دەبێت بڵێین لە هەرکوێ بوون سەرهەڵبدات، دەبێت نەبوون بگەڕێتەوە. چونکە هێشتا مەسەلەی هەڵگێڕانەوەی نەزمی دونیا نەگەشتووە بەو ڕادەی یاسای لۆژیکی بارودۆخەکان لەکاربخرێت. هەموو بارودۆخێک لانیکەم نەبوونێکی تایبەتی هەیە، وەگەر هاتوو ئەم نەبوونە بەرزبوویەوە بۆ ئاستی بوونی رەها، دەبێت ڕەگەزێکی دیکەی پێگە لە بوون بکەوێت، تاکوو یاساکە نەبەزێنرێت و پارێزگاری لە یەکانگیریی دیارکەوتن بکرێت.

لە ساڵی ١٨٩٦ـدا، لیساگارای لە نووسینەوەی کتێبی "مێژووی کۆمۆن ١٨٧١" تەواوبوو، تێیدا دوو سەرنجی خستەڕوو. یەکەم، ئەو باندە کۆنەخوازەی کە لە ساڵی ١٨٧١ـدا کرێکارانیان کوشت و بڕ کرد، لە شوێنی خۆیان ماون. پەرلەمانتاریزمیش هاوکارێکی باشبوو بۆ مانەوەیان، لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو "هەندێک بۆرژوازی دەرەبەگ لەژێر ماسکی دیموکراسیدا ئاسانکارییان بۆ ئەم نزیکبوونەوەیە کرد". دووەم، لەبەر ئەوەی گەل توانی هێزی تایبەت بەخۆی دامەزرێنێت: "سێ جار [لە ١٧٩٢، ١٨٤٨، ١٨٧٠] پرۆلیتاریای فەرەنسی توانی کۆمار بۆ ئەوانیدی دامەزرێنێت، کۆمارێک کە لەنێو خۆیدا پێگەیشتووە". بە واتایەکی تر، ڕووداوی کۆمۆن کە لە

١٨ـی مارتی ١٨٧١ـدا دەستی پێکرد، تەنها نەبووە هۆی ڕووخانی گرووپی باڵادەست و سیاسەتوانەکانیان، بگرە شتێکی گرنگتریشی ڕووخاند: ملکەچبوونی سیاسیانەی گەل و کرێکاران. ئەوەی ڕووخێنرا پەککەوتنی خۆیی بوو: "ئۆو -لیساگارای بە سەرسامییەوە دەڵێت- کرێکارانی گوند و شارەکان دڵنیا نین لە تواناکانیان"(10).

بوونی سیاسیی کریکاریی رەها (بوونی نەبوون)، کە بوونێکی هەژین و وردوخاشکەرە، زەرورەتی هەبوونی فۆرمی ملکەچی لەناوبرد: ملکەچکردنی مومکینی سیاسیی پرۆلیتاری، بۆ خزمەتکردنی (چەپ) و سیاسەتی بۆرژوازی. کۆمۆن وەک هەر ڕووداوێکی تری ڕاستەقینە، مومکینی نەهێنایەدی، بگرە مومکینی خولقاند. ئەم مومکینەش بریتییە لە سیاسەتی پرۆلیتاریی سەربەخۆ.

دووبارە ملکەچکردنەوەی ئەم مومکینە بۆ چەپ، لەپاش سەدەیەک، لەژێر هەمان ناوی "دیموکراسی"ـدا کە سەرلەنوێ کەشف کرایەوە، چیرۆکێکی دیکەیە، بازنەیەکی دیکەی مێژووی ئازاربەخشی ڕاستیەکانە. سەرباری ئەوەش، لەهەرکوێ نەبوون بێتەبوون (توانای سیاسیی کرێکاریی)، ئەوانەی ئەو نەبوونە یاسایی دەکەن، دەڕووخێن و لەناودەچن. چونکە ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا کەوتە ریزی مردوانەوە، ئاگایی سیاسیی کرێکاریی نەبوو -گەرچی هێشتا بەمە نەزانراوە- ئەو لایەنگریکردنە بوو لەوەی چینایەتی بەشێکە لە سروشتی کەسایەتی، ئەو پاڵپشتییە بوو کە لە دەوڵەمەندەکان دەکرا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی.

---

(10) Proper-Olivier Lissagaray, 'The Eighteenth of March', History of the Commune of 1871, trans. Eleanor Marx Aveling, International Publishing, 1898, pp. 78-87. Trans. of 'Le 18 mars', Histoire de la commune de 1871, La Decouverte, 2000, pp. 1 1 1-119.

کۆمۆنی پاریس لە ئایندەیدا کاری لەسەر ئەم ڕووخانە کرد، تەنانەت لە ئاستی کوشتنی ئاشکرای بوونی باڵای خۆیشیدا.

لێرەدا لەبەردەم پەندێکی ترانسێندێنتاڵداین: ئەو شتەی بەلای ئاکامە ڕووداوئاساکانەوە هیچ بایەخێکی نەبوو، ئێستا بایەخی پەیدا کردوە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت پێدراوێک ڕووخێنراوە. ئەو شتانەی جاران پارێزگارییان لە سەقامگیری جیهان دەکرد، لێکدانی نەبوون کران، بەجۆرێک ئەگەر پێڕستی ترانسێندێنتاڵی بوون بنەمای (لۆژیکی) جیهان بێت، ئێستا دەرفەتی ئەوە هەیە بوترێت: **"دەبێت جیهان پایەکانی بگۆڕێت"**.

کاتێک جیهان بەتوندی شەیدای ئاکامە رەهاکانی پارادۆکسی بوون دەبێت، ئەوکات هەمووو دیارکەوتنێک کە هەڕەشەی ڕووخانی ناوخۆیی لەسەرە، دەبێت سەرلەنوێ جۆرێک پەخشکردنەوەی جیاواز دامەزرێنێت، جیاواز لەوەی هەیە و لەوەی نییە.

بەهۆی قوڵپدانی بوون لە دەرکەوتندا، ناتوانین هیچ شتێکی دی لەم جیهانە چاوەڕوان بکەین جگە لە ئەگەری سەرهەڵدانی جیهانێکی تر، بە بوون و ڕووخانەکانیەوە.

## دەرئەنجام

بڕوام وایە ئەم جیهانەی تر لە کۆمۆندایە، کە بۆ ئێمە لە شوێنێکی دیکەدایە، جگە لە بوونی دواتری، من ناوی دەنێم یەکەمین بوونی، کە لە حیزب-دەوڵەت و مەرجەعە کرێکارییە کۆمەڵایەتییەکەیدایە. دابڕانی سیاسی هەمیشە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان

توانای خۆیی و ڕێکخستنی ئاکامەکانی ئەم توانایە، کە بە تەواوی لە دەرەوەی دەوڵەتدایە.

زۆر گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە ئەم دابڕانە هەمیشە دابڕانە لەگەڵ چەپدا، بەو مانا فۆرماڵەی کە بەم زاراوەم بەخشیوە. بۆ ئەمڕۆش بەمانای دابڕان دێت لەگەڵ فۆرمی نواندنەوەی سیاسیدا، یان ئەگەر بمانەوێت هەنگاوێکی زیاتر بنێین، دەبێ بڵێین بەمانای دابڕان دێت لەگەڵ "دیموکراسی"ـدا.

پێکهاتنی ئاکامەکانی توانایەکی سیاسی، پەیوەستە بە دەسەڵات و ڕاپەڕاندنی دەوڵەتەوە، ئەمە شتێکە سەر بە ئەژماری یەکەمی کۆمۆنە، سەر بەوە نییە کە ئێستا بۆ ئێمە گرنگە. چونکە کێشەی ئێمە ئەوەیە، لەئاستی ئەژماری یەکەمدا (پێش لینین) بگەڕێینەوە بۆ شتە زیندووەکانی کۆمۆن، ئەگەرچی دۆڕاویش بن: سیاسەتێکی دیاریکراو کاتێک دیاردەکەوێت کە بەیاننامەیەکی دیاریکراو لە هەمان کاتدا بەیاننامە و بڕیاریش بێت لەمەڕ ئاکامەکان. بۆیە کاتێ بەیاننامەیەک بە کارایی دەمێنێتەوە، شێوەی نەزمێکی بەکۆمەڵی بێوێنە وەردەگرێت، چونکە نابێت هەرگیز لە وتنەوەی ئەو قسە بکەوین و نەڵێین ئەو سیاسەتەی هیچ بایەخێکی نییە، ناتوانێت گرەوی ئاکامەکانی دەرکەوتنی بباتەوە، تەنها لە چوارچێوەی دیسپلینێکی نوێدا نەبێت کە بریتییە لە دیسپلینی پراکتیکی بیرکردنەوە. بە بۆچوونی لینین، حیزب بریتییە لە دروستکردنی ئەم جۆرە دیسپلینە، بەڵام دیسپلینێک بێت ملکەچی دەوڵەت بێت. ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە دیسپلینێکی نوێ دروستبکەین کە لە چەپۆکی دەوڵەت رزگاری بووبێت، دیسپلینێکی تەواو سیاسی بێت.

